بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

111
25 ی حوزەیران/ جون ی 2025

## شەڕ و ئاگربەستی ترامپ!



موحسین کەریم

چەند کاتژمێرێک دوای هێرشی سوپای ئەمریکا بۆسەر بنکە ئەتۆمیەکانی ئێران لە فۆردۆ، نەتەنزو ئەسفەهان، لە رۆژی شەممە رێکەوتی ٢١ی حوزەیران، کە دەیان فرۆکەی جەنگی جۆری (F16 , F35)و F22 و فرۆکەی جۆری (B-2)و مووشەکی حەشارگەبڕ و توماهۆکی تیدا بەکارهێنرا، ترامپی سەرۆکی ئەمریکا کە خۆی و دەستەو دایەرەکەی تەنانەت بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆنگرێس، فەرمانی هێرشەکەی دابوو، هەرخۆشی فەرمانی ئاگربەستی لەنێوان ئیسرائیل و ئێران، ڕاگەیاندو کاتی ئاگربەستەکەشی دیاریکرد!

هێرشی ئیسرائیل بۆسەر ئێران لە بەرەبەیانی رۆژی ١٣ی حوزەیران، رێک رۆژێک دوای تەواوبوونی ئەو وادەیە ئەنجام درا کە ترامپ بۆ ئێرانی دانابوو تا بگات بە رێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا دەربارەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی! دوای ئەنجامدانی هێرشەکەش ترامپ راستەوخۆ پشتیوانی لە نەتەنیاهۆو ئیسرائیل کردو ئامادەیی دەربری بۆ بەرگری لە ئیسرائیل لە حاڵەتی کاردانەوەی ئێراندا. ئەوەبوو لەماوەی جەنگی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، ئەمریکا بەهەمووشێوەیەکی سەربازی و لۆجستیکی هاوکاری ئیسرائیلی کرد. لەپاڵ سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئیسرائیلدا، سیستەمی دژە ئاسمانی ئەمریکا و بەریتانیا لە کەنداو، دەریای سوور، دەریای ناوەڕاست، عێراق و ئوردونەوە بەرپەرچی مووشەکەکانی ئێرانیان دەدایەوە! بەکردەوە ئەمریکا بەشێک بوو لە جەنگ و هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر ئێران، لەکاتێکدا ماوەی دوو هەفتەی دانابوو بۆئەوەی تیمی دانوسانی هەردوولا بە

بۆ لاپەڕە ٢



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی حزب سەبارەت بە پەلامارەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆسەر ئێران!

بۆ لاپەڕە ٣



## ئەمریکا و سیاسەتی شەڕ و ماڵوێرانی!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٦



## پێشوازی لە جەنگ مانای چییە؟

بنار مستەفا

بۆ لاپەڕە ١٧

* داسەپاندنی جەنگ بەسەر خەڵکی ئێران، دەرئەنجام وچارەسەر!
دەشتی جەمال ......... لاپەڕە ٨
* بەیاننامەی حزب سەبارەت بە هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران ......
لاپەڕە ......... ١٠
* بەیاننامەی ٣ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی سەبارەت بەهێرشی ئیسرائیل بۆسەر ئێران.......... لاپەڕە ١١
* ئاڵوگۆڕێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
عوسمانی حاجی مارف ... لاپەڕە ١٣
* جەنگی ئیسرائیل و ئەمریکا دژ بەئێران و ئاکامە زیانبارەکانی!
نوری بەشیر ....... لاپەڕە ١٨
* سەرکوت وەک وەڵامێکی حازربەدەست بە داخوازی موچەخۆران!
جەمال موحسین..... لاپەڕە ٢٠
* چەند بەیاننامە و بابەتی تر لە لاپەڕەکانی دیکەدا بخوێننەوە!

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......شەڕ و ئاگربەستی ترامپ!

ڕێکەوتن بگەن، بەڵام کاتێک هێرشە مووشەکیەکانی ئێران سەرەڕای ئەو هەموو سیستەمی بەرگریە، مەترسی بۆسەر ئیسرائیل دروستکرد، ترامپ لەناو گەرمەی دانوسانەدا، وەکو تەواوکەری هێرشەکان و جەنگەکەی ئیسرائیل لە دژی ئێران هاتەناوەوە!

بەوجۆرە، ئەو بانگەشەیەی ئەمریکا و ترامپ دەیانکرد دەربارەی بژاردەی گفتوگۆ و دیپلۆماسیەت و بەشدار نەبوونی ئەمریکا لەگەڵ ئیسرائیل لەجەنگەکەی لەگەڵ ئێراندا، پروپاگەندەیەکی پووچ و بێناوەرۆک و چەواشەکارانە بوو. گومان لەوەدا نیە کە جەنگی ئیسرائیل لەدژی ئێران دیویکی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا بوو کە دیوەکەی دیکەی بەرواڵەت گفتوگۆ بوو، بە ئامانجی تەسلیمکردنی ئێران بۆ ژێر هەژموونی و بریارو فەرمانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. بریاردەری یەکەمی شەڕ ئەمریکاو ترامپ و دەستەودایەرەکەی بوون نەک نەتەنیاهۆ! ڕاستە نەتەنیاهۆ بەرژەوەندی لە شەڕ و هێرشکردنە سەر ئێران هەبوو وە هەموو هەوڵێکی بۆئەوە بوو ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا ڕازی بکات بۆ جەنگ دژی ئێران، بەڵام سەرەنجام ئەوەی بریاری جەنگەکەی دا، ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بوون، هەروەکو ئەوەی بریاری ئاگربەستەکەشی دا هەر ترامپ و دەستەودایەرەکەی بوون.

ئیسرائیل هاتنەناوەوەی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ ناو شەڕەکەی بەدەرفەتێک زانیوە بۆئەوەی تا ئەوەندەی دەکرێت، شەڕەکە درێژتر بکاتەوە، بەتایبەتی کە ئێران دوا مووشەکی بەرەو ئیسرائیل هاویشتوە. بۆیە هەوڵی ئەوەی داوە ئەو دوا مووشەکەی ئێران، کە هیچ زیانێکیشی بەداوە نەبووە، بکاتە بیانوو بۆ هێرشی ئاسمانی بۆسەر ئێران، بەڵام وەکو هەندێ سەرچاوەی ڕاگەیاندن باسی دەکەن، ترامپ لەکاتی سەرکەوتنی بۆ ناو هەلیکۆپتەرەکەی بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی سەرانی ناتۆدا، بە تورەییەوە نارەزایەتی بەرامبەر بە ئیسرائیل دەربریوە. وتویەتی : :"ئێوە ١٢ کاتژمێرتان بۆ ئاگربەست لەبەردەستدایە، لە کاتژمێری یەکەمدا هەرچی بۆمبتان هەیە مەیبارینن بەسەر ئێراندا، لەبەرئەوەی مووشەکێکی هاویشتوە کە پێشیشی پێگیراوە"! تەنانەت لە سەر سەکۆی(تروس سۆشیال) بە ئاشکرا، لەکاتێکدا فرۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل لەسەر ئاسمانی ئێران بوون، ترامپ بە بەرپرسانی ئیسرائیل دەڵێت:"بۆمبەکانتان بەرمەدەنەوە، ئەگەر ئەوکارە بکەن ئەوە پێشێلکاریەکی خەتەرناک دەکەن. فرۆکەوانەکانتان بانگ بکەنەوە بۆماڵەوە!"

هەرچۆنێک بێت، ئاگربەستەکەی ترامپ لە شەڕ و شەقاوەچیتیەکەی باشترە. لە باراندنی بۆمب بەسەر خەڵک و کاولکردنی ئێران و ڕاکێشانی ناوچەکەو جیهان بۆ ناو تونێلێکی تاریک و خەتەرناک باشترە. ئەگەرچی ئەم ئاگربەستە هێشتا ناتوانرێ ئومێدێکی تەواوی لەسەر هەڵبچنرێ کە بەردەوام دەبێت، ئەگەری گەرانەوەی هێرشەکان لەلایەن ئیسرائیل و تەنانەت خودی ئەمریکاشەوە بۆسەر ئێران بەبیانوی دیکەوە بەتەواوی دوور نەکەوتۆتەوە. ملدانی ترامپ بە ئاگربەست، لەلایەکەوە بەهۆی ئەو فشارە ناوخۆییەی کۆنگریس و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاویە، کە لەژێر فشاری ڕای گشتی خەڵکی ئەمریکادا، نایانەوێ ئەمریکا جارێکی دیکە قاچی بخلیسکێتەوە ناو جەنگێکی دیکەوە. لەلایەکی تریشەوە، جەمسەرەکانی ڕکابەری ئەمریکا؛ چین و ڕوسیا، ئەو پەیامەیان بە ئەمریکا داوە کە لەحاڵەتی فروانبوونەوەی شەڕەکەدا دەستەوەستان دانانیشن. سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران، ڕێک بە چەند کاتژمێرێک دوای هێرشەکەی ئەمریکا بۆ مۆسکۆ و کۆبونەوە لەگەڵ ڤلادیمیر پۆتین، سەرۆکی ڕوسیادا، و هەر بەدوای ئەو کۆبوونەوەیدا، هێرشی مووشەکی ئێران بۆسەر بنکەی سەربازی ( ئەلعودەیە) ی ئەمریکا لە قەتەر، ئەو بۆچوونە پشتراست دەکاتەوە. بۆیە بە قبوڵکردنی زەبرێک لە بنکە ئەتومیەکانی ئێران و وەکو خۆیان دەڵێن دواخستنی بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ چەندین ساڵ، هێورکردنەوەی دۆخەکەی هەڵبژاردوە.

بەڵام کۆتاییهێنان بە جەنگەکان و جەنگخوازی بۆرژوازی و بەدیهێنانی ئاشتیەکی پایەدار و بەردەوام تەنها بە هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ئازادیخوازو مرۆڤدۆست ئیمکانی مەیسەربوونی هەیە. ئەوەی چینی کرێکار و مرۆڤایەتی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست تائێستا نیشانیداوە لە فشار بۆ سەر دەوڵەتی هاوردرندەی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی غەززە و دژی شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا دژی ئێران، گۆشەیەکە لە نمایشی ئەو هێزە بەرین و مرۆڤدۆستەی کە دەتوانێ ئەو پەیامە جێبەجێبکات!

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی حزب سەبارەت بە پەلامارەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆسەر ئێران!

**ئۆکتۆبەر: سەرەتا با لەهێرشەکانی ئیسرائیلەوە دەستپێبکەین؛ ئاگادارن کەبەرەبەیانی رۆژی ١٣ی مانگ، ئیسرائیل هێرشێکی ئاسمانی گەورەی کردە سەر ئێران و چەندین بەرپرسی پایەبەرزی سەربازی و زانای ئەتۆمی کوشت. کاردانەوەی ئێرانیش بریتی بوو لە موشەکبارانکردنی ئیسرائیل. بەمجۆرەش ئیسرائیل قاچی ئێرانی بۆناو جەنگێک ڕاکیشا کە دەمێکە هەوڵی بۆدەدات. ئێوە ئەم هەوڵەی ئیسرائیل بۆ ڕاکێشانی ئێران بۆ ناو جەنگەکەو هۆکارەکانی پشتی ئەم هێرشەی ئیسرائیل بۆچی دەگێڕنەوە؟**

خەسرەو سایە: بێگومان هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر ئێران بەدەر نیە لەو بارودۆخەی کە جیهان و ناوچەکە بەخۆیەوە گرتووە، تەنانەت هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ فراوانکردنەوەی جەنگ و ڕاکێشانی ئیران، ئەڵقەیەکی تر لەسیاسەتی جەنگخوازی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ دەخاتەڕوو، کە سەرەتا لەپەلاماردان بۆ سەر خەڵکی فەلەستین لەغەززە و ئەو هەموو کوشتارو کاولکاریەی ئەنجامیدا، دەستی پێکرد و پاشان هێڕش بۆسەر لوبنان سوریاو یەمەن، بەئاستێکی جیاواز درێژکردەوە، هێرشەکانی ئەمجارەش بۆسەر ئێران، نیشانەی ویستی ئیسرائیلە هەم بۆ دەربازبون لەو قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکیەی تێکەوتوەو هەم بۆ هێزنیشاندانە لەئاست دەولەتانی ناوچەکەو ملکەچ پێکردنیان بەسیاسەتەکانی خۆی.

بەواتایەکی تر ئەو هۆکارە تایبەتیانەی کە ئیسرائیلی ناچارکرد دەست بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بەرێت، دەگەڕیتەوە بۆئەوەی کە یەکەم: لەدرێژەی دووساڵ جەنگی غەززەدا، سەرەرای ئەو هەموو کوشتارو کاولکاریەی دەستی بۆبرد، هێشتا نەیتوانیبوو بەهیچ کام لەئامانجە ستراتیژیەکانی خۆی، بەئازادکردنی تەواوی بارمتەکان بگات و هەم حەماسیش بەیکجاری لەناوبەرێت. ئەم دۆخەش جگەلەوەی کە لەناوخۆی ئیسرائیل و لەئاستی دەرەوەدا لەگەڵ نارەزایەتیەکی فراوانی جەماوەریدا بەرەوڕووبوەوە، لەئاست دەسەلاتیشدا لەپەیوەند بەئایندەی جەنگی غەزەوە، تادەهات ناکۆکیەکانی قوڵتر و زەقتر دەکردەوە. دووەم: تەریکبونەوەی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ و ڕیسوابونی سیاسەتەکانی لەسەر کوشتاری خەلکی فەلەستین و ڕیگەنەدان بەگەیشتنی هاوکاریەکان، بەپیویست هەوڵە دیبلۆماسیەکانی دەولەتانێکی وەک میسرو قەتەر و ئەوروپای بۆ ڕیکەوتن لەگەڵ حەماس و ڕاگرتنی جەنگ، کردبوو بەفشارێک کە ئیسرائیل نەیدەتوانی بەسادەیی لێیدەرچێت. سێهەمەیش، دانوسانەکانی نێوان ئەمریکاو ئیران دوای پێنج جەولە بەبێ ئەنجام مابوەوە، ئەمەش خاڵی لیکەوتی لەنیوان ئەمریکاو ویستی ئیسرائیل بۆ فراوانکردنەوەی بازنەی جەنگی غەززە بۆسەرئێران هێنایەکایەوە.

ئەمە وێرای ئەوەی کە ناتانیاهۆ بەردەوام لەهەولی راکێشانی ئەمریکادابوو بۆ بەشداری راستەوخۆ لەجەنگدا. وەک بەرئەنجامێک لە پێکەوەگرێدانی ئەم خالانەدا و بەپاساوی دەسترانەگەیشتنی ئیران بەچەکی ئەتۆمی، ئیسرائیل ویستی خۆی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی جەنگخوازانەی لەئاست ناوچەکەدا، بەهێرشبردنە سەر شارەکانی ئێران بەکردەوە دەرهێنا. ئەمەش لەکاتێکدا کەترەمپ رایگەیاندبوو دوو هەفتە لەبەردەستدایە بۆ دورکەوتنەوە لەشەڕ و هەوڵدان بۆ ڕیکەوتن لەڕیگای دانوسانەکانەوە. بەبروای من ئەمانە ئەو هۆکارە سەرەکیانەیە کە ویستی ئیسرائیلی بۆ هێرشبردنەسەر ئێران مومکین کردوە، ئەوەش بلێم کە ئیسرائیل لەم هێرشەیدا بۆسەر ئیران بەبیٚ پشتیوانی و ئاگاداری ئەمریکاو حساباتێک کەهەیان بووە، بەڕیوەنەبراوە.

**ئۆکتۆبەر: هەروەک ئاماژەتان پێکرد، کە ترامپ دوو هەفتەی ڕاگەیاندبوو تا ئێران ڕێگایەک بۆ ڕیکەوتن لە خولی شەشەمی دانوسانەکاندا بدۆزیتەوە، تەنانەت جیهان چاوەروانی ئەوە نەبوو کە ئەمریکا وا بەخێرایی و بەئاشکرا بێتە ناو جەنگەکەوەو دەستبەرێت بۆ هێرشەکردنە سەر ئێران! بەرای ئێوە هۆکاری ئەم گۆرانکاریە لەبڕیاری ترەمپدا بۆچی دەگەرێتەوە؟ هاوکات چ سیاسەت و ئامانجێک لەپشتی بەشداری ئەمریکاوەیە لەهێرشەکانیدا بۆسەر ئێران؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا ئەوە بلێم لەحساباتی ترامپدا، دۆخەکە وابووە کە ئیسرائیل لەڕیگای پلانێکەوە و بەدەستبردن بۆ هێرشێکی ئاسمانی فراوان، ( کەدیارە هەم ئەمریکا و هەم دەوڵەتانی ئەوروپا لەم پلانەدا بەشدار و هاوکاربوون)، دەتوانیٚ ئیران لە دانوسانەکاندا ناچاربکات بەتەسلیم بون و رادەستکردنی چەکی ئەتۆمی، بەلام ئەم حساباتە وادەرنەچوو، ئەمەش ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکای خستە پێگەیەکی بێگەرانەوەو ڕێگایەکی لەبەردەمدا نەما جگەلەوەی کە بەئاشکرا بیتە ناوجەنگەکەوە. بەتایبەتی بەدوای ئەوەدا کە کۆبونەوەکەی ١٦ی حوزەیرانی وولاتانی "جی ٧"، سەرەرای دوپاتکردنەوەی پشتیوانی خۆیان لەئیسرائیل و تەئکیدکردنەوە لەوەی کە نابێت ئیران دەستی بەچەکی ئەتۆمیدا ڕابگات، بەلام نەیتوانی هەموو مەبەستەکانی ترمپ بۆ

⇦

تەسلیمکردنی ئێران لەڕیگای هێزەوە زامنبکات، بەمجۆرەش کەلێنێک لەنیوان ئەم ولاتانەو ئەمریکادا، لەسەر چۆنیەتی هەڵویستگرتن لەئیران هاتەکایەوە.

ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخەش لەسەر کابینەکەی ترامپ و لەپەیوەند بەدیموکراتەکانەوە نیگەرانی و دودڵیەکانی قوڵترکردەوە لەسەر "سەلاحیەتەکانی سەرۆک" و"باری قانونی بۆ بریاردان لەجەنگ".. بەڵام وەک ووتم بەدوای ٨ ڕۆژ لەپەلامارەکانی ئیسرائیل بۆ سەرئیران، ئیتر پێگەی ترامپ و ئەمریکای خستبوە دۆخێکی بێگەرانەوەوە و ئەگەر کاردانەوەیەکی سەربازی لەخۆی نیشان نەدایەت، بەشکست و زوعفێکی جدی تەواو دەبوو، هەموو ئەمانەش لەدوا خاڵدا ویستی ئیسرائیل بۆ فراوانکردنەوەی جەنگ و بەشداری راستەوخۆی ئەمریکای لەشەردا لەدژی ئێران یەکانگیرکردو سەرەنجام ترامپ و حکومەتەکەی ناچارکرد بەخێرایی و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی تەواوبونی ئەو دوو هەفتەیەبکات، کەڕای گەیاندبوو، جیهانی غافڵگیر کرد و بەکردەوە هێرشە سەربازیەکانی بۆ سەر بنکە ئەتۆمیەکانی فۆردۆ و نەتەنزو ئەسفەهان لەئاسمان و دەریاوە ئەنجامدا.

بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە بەبەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەمریکا لەم هێرشەیدا بۆسەر ئێران دەگەڕیتەوە، بەبڕوای من مەسەلەکە بوونی ئێران وەک هێزێکی ناوچەیی و مەترسیداری خاوەن چەکی ئەتۆمی، وەیان "دیفاع لەئەمنیەتی ئیسرائیل"، بەپلەی سەرەکی نیە، ئەمانە لاوەکی ترن لەسیاسەتەکانی ئەم دەورەیەی ئەمریکادا، بەڵکو ئامانج و سیاسەتی سەرەکی ئەمریکا، لەدونیای چەند جەمسەری ئەمڕۆدا، هێزنواندنە لەبەرامبەر رکابەرە جیهانیەکانیدا، هەوڵدانیەتی بۆ شکاندن و رازیکردنی ڕوسیاو چین و هێنانەپشتی دەولەتانی ڕۆژئاوایە بۆژیر هەژمونی خۆی. ئەمەش لەدۆخێکدا کە ململانێی نیوان ئەم جەمسەرانە لەسەر دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان و دیاریکردنی ناوچەکانی نفوز، لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا چربۆتەوە. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە ئەمریکا لەساڵانی نەوەتەکانەوە لەچوارچیوەی "ئیستراتیژی نەزمی نوێی جیهانی"دا لەهەوڵی ئەوەدابوو کە جیهانی یەکجەمسەری بەسەکردایەتی خۆی لەڕیگای هێزنواندن و شەرخوازیەوە بەدەست بهێنێ و بۆئەمەش دووجار لەبەرامبەر عیراق و جارێکیش لەبەرامبەر ئەفغانستانتدا بەپاساوی جیاجیا دەستی بۆ جەنگ برد، بەلام لەئەنجامدا نەک سەرکەوتنی بەدەست نەهینا، بەلکو لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا، تاهاتوە پێگەی لاوازتر بووە و ڕوبەڕوی ناکامی بۆتەوە. ئەمەش زەمینەکانی دونیای چەند جەمسەری و دەرکەوتنی روسیاو چین و یەکیەتی ئەوروپای وەک جەمسەرە سەرەکیەکانی لەدۆخی جیهانیدا هێناوەتەکایەوە.

لەبەرئەنجامی ئەم راستیانەدا ئەگەر لەئاستی ناوچەییدا سەرنج بدەین ئەوا حزوری یەکلایەنەی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا و ڕاکێشانی هیزی زەبەلاحی سەربازی و هاوکات بوونی ئیسرائیل وەک پێگەیەکی سەرەکی لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا، ترامپ و کابینەکەی خستۆتە سەر ئەو بڕوایەی کە لەڕیگای هێزنواندنەوە هەم بۆ هەستانەوەی پێگەو ڕۆڵی جیهانیی ئەمریکاو هەم بۆئەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سیستەمێکی ئەمنی و ئابوریدا، لەژێرناوی "ڕۆژهەلاتی نوێ"دا، بەجۆرێک کە هەژمونی ئەمریکا یەکلایەنە زامن بکات، کەوتۆتە هەوڵدانەوە. بێگومان لەم پڕۆژەیەدا ئیسرائیل بە میحوەرێک وەرگیراوە و ئەمریکا لەهەوڵدایە لەڕیگای هێز و حوزوری سیاسی و ئەمنی و سەربازیەوە لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا پەیوەندی دەولەتانی عەرەبی و ناوچەکە لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکاتەوەو ئەو سیستەمە ئەمنی و ئابوریەی مەبەستیەتی جێبخات. بەلام بێگومان لەم نێوەدا ئێران و ڕۆڵێک کە بوویەتی یەکێک ل ەقۆرت و بەربەستەکانی سەر ڕیگای ئەم ئامانجانەو ئەم سیاسەتانەی ئەمریکایە. هەربۆیە بەشداری راستەوخۆی ئەمریکا لەجەنگ و هێرشەکانی بۆسەر ئێراندا لەسەرێکەوە ڕووی لەوەیە کە ئەم قۆرتە و ئەم بەربەستە ببڕێ و ئەو کەناڵە ببەستێت کە تائیستا بەهۆیەوە ڕیگەی داوە بەدەخالەتی هێزەجیهانیەکانی وەک روسیاو چین لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

لەسەرێکی تریشەوە لێدان لەئیران و لاوازکردنی ڕیگەدەکاتەوە بەملکەچ پێکردن و رازیکردنیان بۆ پەیوەستبوون بەپڕۆژەیەکەوە کە ئیسرائیل تێیدا سەنتەرە. بەگشتی ئەمانە ئامانج و سیاسەتە بنەرەتی و سەرەکیەکانی ئەمریکایە چ لەبەشداریکردن لەجەنگداو چ لەو هێرشانەدا کەبۆ سەرئیران دەستی داوەتێ.

**ئۆکتۆبەر: بەلام هاوڕی خەسرەو هەم ترامپ و هەم ڕۆژئاوا و هەم بەرپرسانی ئیسرائیل باس لەوە دەکەن کە کێشەکە چەکی ناوەکی و دەسترانەگەیشتنی ئێرانە بەم چەکە، واتە ئامانجی ئەمریکا وەک ترەمپیش ئاماژەی بۆ دەکات لەهێرشەکاندا، لەناوبردنی چەکی ئەتۆمیە چونکە مەترسیەکە بۆسەر ناوچەکە؟ ئێوە لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟**

خەسرەو سایە: هەموو جەنگێک دەبێ پاساوبدرێ تا رای گشتی لەسەر هەڵخرێندرێت، هەربۆیە ئەمانە پاساون تا هۆکاری جەنگێک کە ئەمریکا تێیدا بەشداربووە ڕەوایی پێبدرێ! بەبڕوای من مەسەلەکە نەچەکی ئەتۆمیەو نە ئەمنیەتی ناوچەکەیە، یەکەم ئەگەر هۆکاری ئەم کوشتارو کاولکاریە چەکی ئەتۆمیە ئەوا ڕیگای سیاسی و دیبلۆماسی هەیە بۆ سنوردارکردنی ئێران لەم چەکە، دووەم خودی یاسا جیهانیەکان ئەم مافەی داوە بە دەولەتان کە لەژێر چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتیی ووزەی ئەتۆمیدا پرۆژەی ووزەی ئەتۆمی دابمەزرێنن و بەرەوپێشی بەرن، پرۆژەی ئەتۆمی ئێرانیش

بەردەوام لەژێرچاودێری ئاژانسی ناوبراودابووە و ئەوەی لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و وولاتانی ٥ +١ کشایەوە ئەمریکا بوو لەسەردەمی سەرۆکایەتی یەکەمی ترامپدا! سیهەم؛ بۆدەبێت ئیسرائیل، پاکستان و هیندستان و وولاتانێکی تر مافی دەستراگەیشتنیان بەچەکی ئەتۆمی هەبێت بۆ ئێران نەبێت!؟ پاشان بەرنامەی ئەتۆمی و پیتاندنی یۆرانیۆم کە ئێران چەندین ساڵە توانای خۆی بۆ خستۆتەگەڕ، چۆن بەهێرشی ئاسمانی بۆ بۆمباران لەناودەبرێ، لەکاتێکدا ئەمریکا بانگەشەی ئەوە دەکات کە نایەوێت ئێران بروخێنی یان تەنانەت نایەوێت بچێتە شەڕێکی درێژخایانەوە لەگەڵیدا.

بەبڕوای من ئێران ئەگەر خۆی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ڕادەست نەکات، بەمجۆرە پەلاماردانانە ناتوانێ کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئەم چەکە ڕابگرێ. بۆیە هەروەک وتم ئامانجی ئەمریکا لەم هێرشانەیدا بۆسەر ئێران لەشوێنێکی تردایە، واتە هێزنواندنە بەرامبەر بە ڕکابەرە جیهانی و ناوچەییەکانی. ئەگەر مەسەلەکەش "نائەمنکردنی ناوچەکەیە"، ئەوە خودی ئیسرائیل و ئەمریکان کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیان لەخوێن و کۆمەلکوژی هەلکێشاوە و سەرەڕۆییانە ناوچەکەیان نائارام کردووە، بۆیە ئەگەر باسەکە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیە ئەوا لەپێشدا دەبێ ناتانیاهۆ و حکومەتەکەی لەسەرکار لاببرێت و دەستیان لەچەک و پەلاماری سەربازی کۆتابکرێت.

**ئۆکتۆبەر: هەلوێستی حیزب وەک ئەوەی لە لیداوانەکانی ڕابەرانی حزب و لەبەیننامەکاندا هاتوە، مەحکومکردنی ئەم هێرش و پەلامارانەی ئەمریکاو ئیسرائیلە بۆسەر ئێران و داوا دەکات کە ئەم جەنگ و هێرشانە ڕابگیرێت. بنەمای ئەم هەلوێستە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ بۆچی خراپە ئەم شەرە تا ڕوخان وەیا لاوازبوونی ڕژێمی ئیسلامی ئێران درێژەی پێبدرێت، لەکاتێکدا خواستی ڕوخانی ڕژێم خواستی زۆرینەی خەڵکی ئێرانە؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا بنەمای هەلویستگرتنی حیزب لەم جەنگەو لەهێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆسەر ئێران لەداکوکیکردنمانەوە لەژیان و گوزەران و ئەمنیەت و پاراستنی مەدەنیەت و دورخستنەوەی کۆمەلگای ئێرانە لەسەپاندنی سیناریۆی ڕەش و کوشتار وکاولکاریەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەم جەنگە بە ئامانجی دەگرێ و تەنها خەلکی کرێکارو زەحمەتکێش دەکاتە قوربانی. بەواتایەکی تر ئەم جەنگ و ملهوریەی ئەمریکاو ئیسرائیل، ئەم لەشکرکێشی و بۆردومانانەی دەستیان داوەتێ، هێندەی لەدژی ئەو جولانەوە و نارەزایەتیە جەماوەریانەیە کە لە ناوچەکەو لەناوخۆی ئێراندا، یەخەی دەسەلاتدارانی گرتووە، هێندە دژی ڕژێم و سیستەمە سەرکوتگەرو تالانچیەکەی نیە و ڕاستەوخۆ بۆ سەرکوت و پاشەکشەپێکردنی جولانەوەی چینایەتی و شۆڕشگێرانەیە. بێگومان جەنگێک کە شۆڕشگێراانە نەبێ و کردەیەک نەبێت کە لەڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش خۆیانەوە هۆشیارانە دەستی بۆ برابێ و جەنگی دەولەتانی سەرمایەداری و چینەداراکانی کۆمەلگا بێت بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان، بەدلنیاییەوە لەدژی خەلکە و ئاسەوارێکی خراپی بۆسەر ژیان و گوزەرانیان دەبێ و ڕەوتی خەباتی چینایەتی بۆ ئالوگۆڕی شۆڕشگێرانە لاواز و بەرەو دوا دەبات، هاوکات ڕووی تێکۆشانە چیانیەتیەکان لەبەرامبەر دەسەلاتی مەوجودا دەخاتە دۆخێکی سەخت و دژوارەوە. بۆیە دەبێ ئەم بەلایە مەحکوم بکرێ و خواستی ڕاگرتن و کۆتایی پێهێنانی لەبەرامبەردا بەرزبکرێتەوە.

لەبارەی لاوازکردن و ڕوخانی ڕژێمیشەوە، ئێمە پێمانوایە هەرچەندە هێرش و پەلاماردانەکان فەرماندە و بەرپرسان لەناوبەرێت وە یا ڕژێم لاواز بکات، بەلام ئەم "لەناوبردن و لاوازبوونە" لەبەرامبەر دەولەتانی تردایە و پێچەوانەکەشی بۆسەرخەڵکە، واتە شەڕو کاولکاری جگە لەوەی کەگرانی و بێخانەولانەیی و ژیانی ئاوارەیی و مەرگ و کوشتار بەسەر خەڵکدا دادەسەپێنێ و دۆخی کار و ژیانی ئاسایی و مەدەنیان تێکدەدات، خۆی دەبێتە پاساو و چەکێک بەدەست دەسەڵاتدارانە وە بۆ سەرکوتی ئازادیەکان وسەپاندنی فەزای جەنگی بەسەر خەبات و نارەزایەتیەکانیانەوە. تا ئەوجێگەیەی بەمەسەلەی ڕوخاندنی ڕژێم دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمەو خەڵک خوازیاری ڕوخانی ڕژێم و گۆڕانکارین، بەلام گۆرانکاری و ڕوخانی ڕژێمێک کە لەدرێژەی شەڕی دەولەتانی سەرکوتگەر و سەرمایەدارانەوە دەستی بۆ ببرێت، بەدەربێت لەبڕیاری جەماوەر و لەدەرەوەی کردەیەکی شۆڕشگێرانەی خەلکی کرێکارو زەحمەتکێشدا بێت و ئەوان بەدەسەلات نەگەیەنێ، بەدلنیایەوە ئەنجامەکەی لەدژی خواست و ئارەزووەکانی ئەوان دەبێ. هەر ئەوان دەکاتە قوربانی و وەسیلەی ئەم گۆران و ڕوخانە و هیچ بەرژەوەندیەکیان تێدا نیە. نمونەی ئەو گۆرانکاری و ڕوخانانەی ڕژێمەکانی عێراق، لیبیا، سوریاو ئەفغانستانمان لەبەرچاوە، کە ئەمریکاو ناتۆ لەڕیگای جەنگەکانیانەوە بۆسەر خەلکی ئەم ولاتانە چ داهاتویەکی تاریکیان بەرەوڕوکردنەوە و چۆن شیرازەی کۆمەلایەتی و ئەمنیەت و ئازادیە فەردیەکانیان و گوزەرانیان لەبەریەک هەلوەشایەوەو لەزەلکاوی کۆنەپەرستی و شەڕی ناوخۆ و تیرۆر و هەزارویەک دەردومەینەتیدا چارەنوسیان ڕاگیرا. لەسۆنگەی ئەو ڕاستیانەوە ئەگەر ئەم هێرش و پەلامارەی ئەمریکاو ئیسرائیل، ڕژێمی ئێرانیش لاوازبکات یان بیروخێنێ، ئەوا جگە لە سیناریۆیەکی دژەخەڵکی و پێچەوانە بەئاوات و ئارەزووەکانیان شتێکی زیاتر نابێت، هەربۆیە لەلایەن ئێمە وخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشەوە، ڕەتکراوەیە.

☆

# ئەمریکا و سیاسەتی شەڕ و ماڵوێرانی!

عوسمانی حاجی مارف

باڵادەستی ئیسرائیل لەسەرەتای هێرشەکانی بۆ سەر ئێران، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دزەکردنی بەرفراوان لەناو دەزگای ئەمنی و سەربازیەکاندا، کە بووە هۆی لەناوبردنی ژمارەیەک فەرماندەی باڵای سەربازی و زانای ئەتۆمی و چەند بەرپرسێکی پلەبەرزی دیکەی رژێمی ئێران! ئەوەش ئەو مەیلەی لای ئیسرائیل بەهێزکرد کە دەتوانی بەردەوامی پێبدات بەجۆرێک کە ژمارەیەکی دیکەی بەرپرسانی ئێران لەناوبەرێت تەنانەت خودی خامنەییش بەئامانج بگرێ! بەڵام ئێران توانی ئەو زەربەیە لەئاستێکدا رابوەستێنێ و خامنەیش لەشوێنێکی پارێزراودا دابنێن!

ئەم دۆخە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو دزەکردنە پێشهاتێکی نوێ نییە و پەیوەندی بەو هێرشەی ئەم دواییەوە نییە، هەروەها موساد ساڵانێکی زۆرە لە بنیاتنانی تۆڕەکان لەناوخۆی ئێراندا کاری کردووە سەرکەوتوو بووە.

روونە کە ناوەندە ئەمنی و هەواڵگریەکانی ئێران، پەیامی ئیسرائیلیان سەبارەت بە تیرۆرکردنی ئیسماعیل هەنیە لە دڵی تاراندا بەهەند وەرنەگرت، ئەم پەیامە ئەوە دەردەخات کە دزەکردن و سیخوڕی، بوونی هەیە و ڕەگ و ریشەی قووڵی لە ناو پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتی ئێراندا داکوتیوە. هەروەها موساد خاوەنی توانای چاودێریکردنی جموجۆڵی سەرکردە باڵا سەربازیەکانی ئێرانی هەیە، بە کردنەوەی کۆدی دەرگای پەیوەندی و پەیامەکان و چوونە ناو ژینگەی کارکردنیان.

هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەشدا پەرچەکرداری ئێران بە موشەکبارانی شارەکانی ئیسرائیل، ئەمریکاو ئیسرائیلی سەرسامکرد، ئەمەش ئەوە نیشان ئەدات کە کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی شەڕەکە قورس بوە، دەرگای ئاژاوە و نائارامی ناوچەیی بەجۆرێک کردۆتەوە کە نازانرێ کۆتاییەکەی کەی دەبێت.

دوای رووخانی ئەسەد و رووبەڕووبونەوەی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حزبوڵڵا، نەخشەیەکی نوێی نفوزی ناوچەیی دەستی بە دەرکەوتن کرد، لەهەمانکاتدا هەوڵدانی کێشکردنی ئێران بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوچەیی، بەردەوام نەخشەو ویستی ئیسرائیل بووە و ئەمریکا پشتیوانی لێکردووە.

ئەمریکا وەک زلهێزێکی دنیا بۆ جەختکردن لەسەر باڵادەستی لە ناوچەکەدا، لەهەمانکاتدا زلهێزە ناوچەییەکانیش وەک تورکیا و سعودیە، بۆ بە هێزکردنی پێگەی بوونی خۆیان، هەوڵیاندا دابەزینی پێگەو نفوزی ئێران بقۆزنەوە، ئەمەش ململانێکانی لە سوریا، لوبنان، عێراق و یەمەن لەگەڵ دابەزینی پێگەو نفوزی ئێراندا بردە قۆناغێکی نوێی ئاڵۆزییەوە.

ئەم وێنە گشتیە جەخت لەسەر پێویستی دووبارە دارشتنەوەی هاوپەیمانیەکان و ڕەوتی ململانێکان و هاوبەشکردنی کاریگەریەکان دەکاتەوە، بۆ دەستەبەرکردنی دەخالەتی لایەنەکان و سەقامگیری رێژەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەسایەی باڵادەستی ئەمریکادا.

لەژێر رۆشنایی ئەم گۆرانکاریانەدا، فشارو ململانێیەکی زیاتر لەلایەن ئەمریکاوە خرایە بەردەم کۆماری ئیسلامی ئێران، تا رادەستکردن و ملکەچی بۆ بەرژەوەندی و نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل پەیڕەوی بکات، بەمانایەک لە ململانێی وولاتانی زلهێزی دنیادا، ئەو پێگەیە بە ئێران نیشان ئەدرێت کە قەبوڵی بکات بچێتە ریزی پابەندبون بە تەواوی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە، لەهەمانکاتدا پەراوێز خستنی لە ریزی چین و روسیادا.

رۆڵی شەڕ دژی "کۆماری ئیسلامی" لەوەدایە کە ئیسرائیل دواجار بڕیاریدا یاریەکی تەواو جیاواز لەسەر ئاستی ناوچەکە بکات، یاریەک کە لە بەرژەوەندیەکان و ستراتیژی ئەمریکا لەناوچەکە لانەدات، بەڵام رادەی سەرکەوتنی ئەم شەڕە بەقازانجی باڵادەستی ئەمریکا لە ناوچەکەدا جێگای پرسیارە، گەر ئارامی و سەقامگیری بەدوادا نەیەت!

"کۆماری ئیسلامی" چۆن وەڵامی ئەو شەڕە دەداتەوە کە تووشی بووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دواجار خۆی بووەتە لایەنێکی شەڕەکە، دەبێت ئێستا باجی ئەو یاریە بدات کە نەیویست یان نەیتوانی، خۆی رادەستی خواستەکانی باڵادەستی ئەمریکا بکات و ملکەچی سیاسەتەکانی ئەمریکا بێت. ئەم یاریە لەسەر بنەمای ئیستغلالکردنی رووداوە ناوچەییەکان بەتەواوی ئێرانی لە بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیلدا بێوەڵام و سەرسام راگرت، ئێران لە ئێستادا لەبەردەم ئەو سیناریۆیەدایە کە هەمیشە هەوڵی داوە لەم شەڕە دوور بکەوێتەوە، بەڵام ئیسرائیل فرسەتی بۆ نەهێشتەوەو لەناو شەڕێکی وێرانکاریدا گیری کرد!

ئێران پێشتر لە هەموو وەرچەرخانێکدا ئامرازەکانی خۆی بەکارهێناوە بۆ نائارامکردنی وڵاتانی ناوچەکە، تا لەم دواییانە ئەرکی هێرشکردنە سەر هەر وڵاتێکی عەرەبی لە لوبنانەوە بە

←

حیزبوڵلا دەسپارد. مووشەک و فرۆکەی بێفرۆکەوانی حوسیەکان لە خاکی یەمەنەوە، عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی عەرەبی وەک ئیماراتیان دەکردە ئامانج. میلیشیا تائیفیە عێراقیەکانی سەر بە سوپای پاسداران لە هەر کاتێکدا ئامادە بوون هەڕەشە لە ئوردن و هەرێمی کوردستان بکەن.

تەواوی ئەو میلیشیایانەی بەرگریان لە ڕژێمی ئێران دەکرد، بەبێئەوەی بنکەیان لە ناوخۆی ئێراندا هەبێت، داواکاریەکانی کۆماری ئیسلامیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام هەموو ئەوانە بەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر غەززەو باشوری لوبنان و کەوتنی ئەسەد، لەدەست ئێران چون و ناتوانن کاریگ بۆ ئێران بکەن، بەتایبەتی کە ئێستا تاران ڕاستەوخۆ بۆ خۆی لەناو جەرگەی شەڕەکەدایە و یاری بە چارەنوسی دەکرێت.

ئەم شەڕە کە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەگەری زۆرە وەک دۆڕاوێک لێی بێتە دەرەوە، بەڵام کەی ئەو دۆخە کۆتایی دێت؟ پرسیارێکی بێوەڵامە! ئەوەی ڕۆشنە ئەم شەڕە هەر کات کۆتایی هات بە دڵنیاییەوە لەدوای ئەم شەڕەوە ئێرانێکی تەواو جیاواز دەردەکەوێت، کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە خۆی لێ بپارێزێت، دەسەڵاتێک کە ناتوانێ بە ئاسانی ئێرانێکی سەربەخۆ و یەکگرتو دامەزرێنێتەوە، بێگومان بۆ ماوەیەکی نادیار لە گێژاو و نائارامی سیاسیدا دەبێت.

لە شەوێکدا کە پڕ بوو لە گرژی، خەڵکی ناوچەکە لەسەر نووکی پێ وەستابون و سەیری ئەو پێشهاتەیان دەکرد کە لاپەڕەیەکی نوێی هاوکێشەی دەسەڵاتی نێوان ئیسرائیل و ئێرانیان دیاریکرد، شەوی ١٣ی حوزەیران شەوێکی ئاگرباران و پڕ دوکەڵ و مووشەک بارانبوو، ئەمەش مەترسیدارترین ساتەوەختە لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەو پێیەی تاران خۆی بووەتە گۆڕەپانێک بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازیە چڕەکان، ناتانیاهۆ ڕایگەیاندوە کە ئامانجی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تێکدانی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکە بالیستیەکانی ئێرانە، بەڵام ڕەوتی ئۆپەراسیۆنەکان بەتایبەتی دەوری پشتیوانی ئەمریکا ئاماژە بە ئامانجی فراوانتر و ستراتیژیتر دەکات، کە دەکاتە پرۆژەی سەپاندنی "ملکەچکردنی ستراتیژی" بەسەر ئێراندا.

ئامانجی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل ڕاگرتنی توانای تاران و ئیفلیجکردنی بەڕێوەبردنی تۆڕی هاوپەیمانیەکانیەتی لە ناوچەکەدا، زەمینە خۆشکردن بۆ پرۆسەیەکی درێژتر و کەڵەکەبوو بەرەو ڕادەستبونی بێمەرجی تاران بە ئەمریکا، یان کۆتایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، گەر بۆیان بچێتە سەرا!.

پێدەچێت سوپای ئیسرائیل بەردەوام بێت لە ئۆپەراسیۆنەکانی تا لاوازبوونی هاوپەیمانانی تاران و دابەزینی چەتری بەرگریی تاران، بۆئەوەی ناچاری بکات بە ملکەچ بون و ڕادەستبون بە دانوستانێک، ئێران تەواوی مەرجەکانی ئەمریکا پەسەند بکات.

لە هەمانکاتدا ئەگەری ئەوە هەیە لەبەرامبەردا، ئێرانیش درێژە بە دژە هێرشەکانی بدات و بەرگری بکات، ئەمەش پێویستیەکە بۆ پاراستنی یەکگرتوویی ناوخۆیی و دوورکەوتنەوە لە تێروانین بۆ دارمان، یان بە لە دەستدانی کاریگەری ڕژێمەکەی دەزانێت، چونکە لە حاڵەتی ڕادەستبونی بە وەستانی شەڕەکە، مەترسی هاندانی ناکۆکی ناوخۆیی و چەسپاندنی ئەو تێروانینەی هەیە کە ڕژێم ئامادەیە بۆ دارمان.

کاتێک تاران بەئامانجگرتنی ڕاستەوخۆی خاکی ئیسرائیلی گرتەبەر و قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە، بۆتە فشارێک لەسەر ئیسرائیل، پلەیەک هاوسەنگی بۆ تاران دروستکرد، کە گرەو لەسەر ئەوە دەکات کە ڕەنگە هاوکێشە نوێیەکانی خۆپاراستن بسەپێنێت و ببێتە هۆی وەستانی هێرشەکانی ئیسرائیل!، هەربۆیە هاوکێشەکە بەوبارەدا درێژەی دەبێت کەئەمریکا دەخالەتی ڕاستەوخۆ بکات، یان شەڕەکە بوەستێنن، بەڵام دیمان ئەمریکا لە بەرەبەیانی ٢٢/٠٦/٢٠٢٥ بە هێزە ئاسمانیەکانی ئەو ناوچانەی یۆرانیۆمی تێدایە بۆردمان کرد، واتە ئەمریکا بێجگە لە پشتیوانی بۆ ئیسرائیل، ڕایگەیاند بەشێکی سەرەکیە لەم شەڕەدا بە دژی ئێران، دوای ئەمەش چیتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و چیتر ڕوئەدات؟، پێشبینیکردنی ئاسان نیە!، بەڵام ئەوە نکوڵی لێ ناکرێ کە دۆخەکە لە ناوچەکە و جیهاندا دەچێتە دۆخێکی ئاڵۆزتر و مەترسیدارترەوە، ئەگەری سەرهەڵدانی سیناریۆی جۆراوجۆرە.

بەگشتی ئاسۆی یەکلاییبونەوەی ستراتیجی ئەو شەڕەی ئیسرائیل و ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا پیادەی دەکەن، تا ئێستاش نارونە، لەکاتێکدا ترس لە ناو ئیسرائیلدا هەیە لەوەی مۆدێلی هێرشەکانی بۆ سەر غەززە دوبارەببنەوە، هەروەها دۆخی ناوچەکە بەدەخالەتی ڕاستەو خۆی ئەمریکا و ئەگەری دەخالەتی لایەنی تر بەدژی ئەمریکا، مەترسی تەواو لەسەر ژیانی دانیشتوانی ئیسرائیل دابنێت

ئەوەی لەم نێوەدا جێگای سەرنجە، ناتانیاهۆ و ترامپ ڕایدەگەیەنن کەهیچ دوژمنایەتیەکیان لەگەڵ خەڵکی ئێراندا نیە، ئەمەش کە جگە لە درۆیەکی شاخدار و پروپاگەندەی ساختەی سیاسی هیچی تر نییە. کاتێ ناتانیاهۆ لەلایەک دەڵێت دوژمنی خەڵک نیم و لەلایەکی ترەوە دەڵێت تاران دەسوتێنم..!؟ ئاشکرایە حکومەتی ئیسرائیل و ئەمریکا بە هیچ جۆرێک ژیانی کەسیان بۆ گرنگ نەبوە. هەروەها هەڕەشەی ترەمپ و بەرپرسانی دیکەی ئەمریکا و پاڵپشتی

تەواوی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئەم کارانە تەنها مایەی زیادبونی بارگرژی و نائارامی و ماڵویرانیە لە ناوچەکەداو قوربانیەکی زۆری خەڵکی لێکەوتۆتەوە.

حکومەتی ئەمریکا و ئیسرائیل کە بکەری سەرەکی تاوانی جینۆسایدی دوای کارەساتەکانی ٧ی ئۆکتۆبەرن لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا، ولاتانی زلهێزی دنیا و نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان کە بە دووروییەوە خۆیان وەک ئاشتیخوازو دیموکراتخواز پیشان دەدەن، بەکردەوە لە ئاست ئەم تاوانانەدا نەک بێدەنگن، بەڵکو وەک تەواوی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی و لۆژیکی قازانجخوازی زلهێزە ئیمپریالیستەکان، لە هۆکارە سەرەکیەکانی شەڕ و کارەساتی مرۆیی و تێکدانی ژینگەدا بەشدارن.

بەپێچەوانەی ئەو هێزو لایەنانەی کە ئومێد و ئامانجی سیاسیان لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی لە پەیوەند بەم شەڕەوە دامەزراندووە، گەوجیە بۆیان کە لە سروشتی ئەزمونی ئەم جۆرە شەڕانەدا ئەو وانەیە وەرناگرن، کەئەم شەڕە نەک هیچ سودێکی بۆ دانیشتوانی هیچ ولاتێکی ناوچەکە نابێت، بەڵکو خەڵکی بەرەوروی زیانێکی زۆرتر و نائەمنی و مەترسی دەکاتەوە، کە زیاتر بەسەر دانیشتوانی ئێراندا دەشکێتەوە.

درێژەدان بەم ڕێرەوەی ئێستای شەڕ، جگە لە وێرانکردنی زیاتر و زیانێکی قەرەبوونەکراو بە ژینگە و دووبارەبوونەوەی کارەساتی مرۆیی، هیچ دەرئەنجامێکی تری نابێت. چینی کرێکار و خەڵکی بێبەش، لە قوربانیە سەرەکیەکانی ئەم دۆخەن، بۆیە دەبێت دەستبەجێ ئەم شەڕە بوەستێت.

★

# داسەپاندنی جەنگ بەسەر خەڵکی ئێران، دەرئەنجام وچارەسەر!

## دەشتی جەمال



تێبینی: ئەم ووتارەی دەشتی جەمال لە پلاتفۆرمی ئۆن لاینی دیبەیتی چەپ لە Labour Hub بەزمانی ئینگلیزی بلاوبۆتەوە و ئۆکتۆبەر دەقی کوردیەکەی لێرەدا بلاودەکاتەوە.

لەدوای هێرشە ئامانجدارەکانی ئیسرائیل بەپاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی "مەترسی ئێرانێکی ئەتۆمی" بۆسەر شوێنە ئەتۆمییەکانی ئێران و بەرپرسانی باڵای و ئەندازیاری ئەتۆمی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی هەینی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، وەلامدانەوەی کۆماری ئیسلامی و هێرشەکانی هەردوولا و بۆمب و مووشەکباران بۆسەر شارەکانی ئێران و ئیسرائیل، بە کردەوە جەنگێکیان پەرەپێداوە، سەدان هاولاتی بێتاوانی کوشتوە و بریندارکردوە لەهەردوولا، کە ئێتر کۆنترۆڵکردنی و ئایندە و پانتایی و لێکەوتە مرۆییەکان و ڕادەی وێرانکارییەکەی بۆ هیچ کەسێک ئاشکرا نیە و ترس و نیگەرانییەکی قووڵی لای خەڵکی ئێران و ئیسرائیل و ناوچەکە و جیهان پەرەپێداوە. ترس لە درێژەدان و فراوانبوونی ئەم شەڕە و دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی سێبەری بەسەر خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا راگرتوە.

بە پێچەوانەی پروپاگەندە جەنگخوازییەکانی دەستەی فەرمانڕەوای ئیسرائیلەوە، ئەم شەڕە لەجەوهەردا لەدژی ژیان و گوزەران و ئەمنیەت و ئارامی خەڵکی ئێران و ناوچەکەیە و شیرازەی کۆمەڵگای مەدەنی کردۆتە ئامانج و ناوچەکە بەرەو سەپاندنی سیناریۆیەکی ڕەش کەپێشتر لەعێراق و لیبیا و سوریا و لوبنان و ئێستاش لە غەززە، ئاسەوارە دژەئینسانیەکانی و ئەو کوشتار و کاولکارییەی تاقی کردۆتەوە، کە وێنە تراژیدیەکانی لەبەرچاو خەڵکی ئینساندۆستی جیهاندایە. لەسەرێکی تریشەوە ئەم جەنگە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی ئاوەلاکردووە تا شەپۆلێکی هەرەشە و توقاندنی لەدژی خەڵکی نارازیی ئێران، لەوانە کرێکاران و ژنان و لاوان و ڕۆژنامەنووسان بەرێوەبەرێت. میلیتاریزەکردنی شارەکان، تا سەپاندنی گرانی و کەمکردنەوەی خۆراک و دەرمان و سنورداركردنی هێڵەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت لە سەرانسەری ولاتدا، تا دەستگیرکردن و زیندانیکردنی سەدان هەڵسووڕاوی جەماوەری و هاولاتیانی مەدەنی بەتۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیل"دا، هاوکات پەرەگرتنی قەیرانی برسێتی و بێبەنزینی و ئاوارەیی و بێبەشکردنی خەڵک لە هەموو پێداویستییەکانی ژیان هەرئێستا بەشێکە لە دەرکەوتەی ئەم جەنگەی کە بەرپاکراوە.

حکومەتی ئیسرائیل دەمێکە وەک ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون لەو بنبەستە سیاسییە و لەو قەیرانە ناوخۆیی و چەقبەستوویە

سیاسی و گۆشەگیریەی لەئاستی ناوخۆ و جیهاندا بەهۆی ئەو کوشتار و کاولکارییەی کە لەغەززەدا دەستی داوەتیێ، هێرشکردن بۆسەرئێران و بەرپاکردنی جەنگێکی کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی خستۆتە بەرنامەی خۆیەوە. بەتایبەتی درێژە کێشانی جەنگ لەغەززە و کۆمەڵکوژی خەڵکی بێتاوانی فەلەستین بەناوی "پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل"ەوە، حکومەتەکانی ڕۆژئاوای هاوپەیمان لەگەڵ ئیسرائیلدا ناچارکردووە خۆیانی لێ دوور بخەنەوە، لەسەرێکی ترەوە مەودای تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل و تواناکانی بزووتنەوەی جیهانی بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین، هەروەها نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە دژی ئەم شەڕە و کۆمەڵکوژیی خەڵکی فەلەستین لە خودی ئیسرائیلدا ورووژاندووە.

ترەمپ و نەتانیاهۆ پێیانوایە بەم هێرشە دڕندانەیەی ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی ئیفلیج دەکات و ناچاری دەکات بەوەی لە پێگەی لاوازییەوە لە دانوستانەکاندا تەسلیم بەهەر مەرجێک و هەڕەشە و ملهوڕییەکانیان بێت. بەڵام ئەمە جگە لە بەرنامەڕێژییەکی هەڵە و سەرەڕۆییەک کە هەردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکا دەستیان بۆ بردوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە بەردەم مەترسی گەورەوە. ئەوەتا سەرکردە ڕاستڕەوە فاشیستەکانی ئیسرائیل زۆر خوێنساردانە ڕایدەگەیەنن کە "تاران دەسوتێنین"! "خەڵکی تاران باجێکی قورس دەدەن بۆ هەڵدانی مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی" و "ئێمە تاران دەکەینە بەیروت"، وە لەبەرامبەردا کۆماری ئیسلامی ئێران داوا لەخەڵکی تەلئەبیب دەکات چۆڵی بکەن.

بێگومان لە هەلومەرجێکدا کە مرۆڤایەتی شارستانی و ئازادیخواز لە هەموو جیهاندا دەزانێت کە ئیسرائیل شەڕێکی قورسی بەسەر خەڵکی ئێران و ناوچەکە سەپاندوە، کە کۆتاییەکەی ڕوون نیە، بەرگریی بێمەرج و بێشەرم لە ئیسرائیل لەلایەن ئەمریکا و بەشێک لە حکومەتەکانی ڕۆژئاواوە لەژێر ناوی "مافی ئیسرائیل بۆ بەرگریکردن لە خۆی"، بەرپرسیارێتی قورس دەخاتە سەرشانی هەموو ئەو حکومەتانەی هاوبەشی دەکەن لەم تاوانەی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی ئێران و قووڵترکردنی ئەم جەنگە و تاوانە هاوبەشەکانیان دژی خەڵکی فەلەستین، سوریا، لوبنان و ئەمڕۆش ئێران.

هەربۆیە ئەم جەنگە دەبێت ڕابگیرێت ،کاریگەریی ئەم جەنگە تەنها قوربانییەکانی خەڵکی ئیسرائیل و ئێران نین، بەڵکو پێگەی چینی کرێکار و بزووتنەوە نارەزایەتی و ئازادیخوازەکانی خەڵکی ئێران و ئیسرائیل لاواز دەکات و دەباتە دواوە، خرۆشان و نارەزایەتییەکانی سێ ساڵی ڕابردووی ژینا ئەمینی و نارەزایەتییەکانی مانگی ڕابردووی سایەق لۆرییەکانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی سەرکوتگەری ئێران، نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئازادیخوازی ئیسرائیل دژ بە سیاسەتی جەنگخوزانە و فاشستی ئیسرائیل، کە بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئەمنییەت لەمەیداندایە، لاواز دەکات و کاریگەریی گەورە لەسەر خەباتی ئازادیخوازانە و هەقخوازانە و ئینسانییان دادەنێت.

خەڵکی ئازادیخواز و بەشەردۆستی بەریتانیا نابێت ڕێگە بدەن حکومەتەکەی کییەر ستارمەر بەشداری ئەم جەنگە بکات. نابێت ڕێگەی پێبدرێت هاوکاری لۆجستی و سەربازی بخاتە ئیختیاری حکومەتی فاشتی ئیسرائیلەوە، ئەو کوشت و کوشتار و جینۆسایدەی فەلەستین و هێرشکردنە سەر شوێنی نیشتەجێبون و ژیانی خەڵکی مەدەنی لە ئێران، بکاتە پاساوای ئەم جەنگە.

پیویستە یەکێتییە کرێکاریەکانی بەریتانیا و ڕێکخراوی مرۆڤدۆست و سوشیالستەکان، هەلسوراوانی کرێکاری و ئازادیخوازان و ئەندامانی لیبەر پارتی کە هاوراییان نیە بە سیاسەتە ڕاستڕەوییەکانی ستارمەر، دەبێ لەپاڵ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران و ئیسرائیل و خەلکی ناوچەکە راوەستن و وەک بەشێک لەم بەرەی شارستانی و ئینساندۆستی جیهانی بۆ فشارخستنە سەر ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ راگرتنی دەستبەجێی ئەم جەنگە ڕاوەستن. هاوکات دەبێ تەواوی فشارەکان بۆسەر بەرپرسانی باڵای لیبەر پارتی و حکومەتەکەی توند بکەنەوە و ڕێگا نەدەن حکومەتی لەیبەر پارتی ببێتە بەشێک لەم جەنگ و کاولکاریە و هەڵەکانی تۆنی بلێر دووبارە نەکاتەوە، کەبەرامبەر بە خەڵک و کۆمەڵگەی عێراق دەستی بۆبرد.

خەڵکی ئازادیخوازی ئیران و ناوچەکە چاوی لە هەوڵەکانی ئێوەیە. کرێکاران وخەڵکی ئازادیخوازی بەریتانیا هیچ بەرژەوەندیەکی لەم جەنگەدا نیە، بە پێچەوانەوە ئەم جەنگە ڕاستەوخۆ لەدژی خەلکی بەریتانیا و ئیران وفەلەستین وناوچەکەیە. هەربۆیە پێویستە هەمومان پێکەوە لەڕوانگەی داکۆکیکردن لەژیان و ئەمنیەت و پاراستنی کۆمەلگای مەدەنی لە ئیران ورۆژهەلاتی ناوەراستدا، پێکەوە داوابکەین:

- ڕاگرتنی دەستبەجێی بۆردومانەکان و کۆتایی پێهێنانی جەنگی ئیسرائیل و ئەمریکا لەدژی خەڵکی ئێران.
- ڕاگرتنی شەڕ و کاولکاریەکانی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ، لەغەزەو گرتنەبەری ڕیگایەکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ی فەلەستین.
- کشانەوەی هیزە سەربازەیەکانی ئەمریکا لەناوچەکە وپاکردنەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست لەمیلیتاریزمی دەولەتانی ناوچەکەو ڕۆژئاوا.
- ڕاگرتنی هاوکاری سەربازی و لۆجستی بەریتانیا وە ولاتانی تر بۆ ئیسرائیل و راگرتنی لایەنگیریان لەهێرش وپەلامارەکانی ئیسرائیل.

بێگومان ئەوە تەنها بزوتنەوەی جیهانی دژی جەنگ و کاولکاریە، کە دەتوانێ هەم ئەم جەنگەی ئیستا کە لەدژی خەڵکی ئیران بەڕێکەوتووە، کۆتایی پێ بهێنی و هەم جیهان لە چەکی ناوەکی پاک بکاتەوەو جیهانێکی ئینسانی خاڵی لەمیلیتاریزم وئینسانکوژی و کاولکاری دامەزرێنێ.

٢١/٦/٢٠٢٦

# ملهوڕی و پەلاماری سەربازیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، مایەی سەرکۆنەکردنی ئێمە و هەر ئینسانێکی ئازادیخوازە!

بەرەبەیانی ۲۲ی حوزەیران، ئەمریکا لە ڕێگای هێزێکی ئاسمانی و دەریایەوە، بە دەیان فڕۆکەی جەنگی لەوانە فڕۆکەی جۆری (B-2)، وە بە هاویشتنی سەدان مووشەکی تۆماهۆک، هێرشێکی فراوانی کردە سەر سێ بنکەی ئەتۆمی ئێران. ئەم هێرشە سەربازیەی ئەمریکا لەکاتێکدا دەستی بۆبرا کە جیهان لە چاوەڕوانی دوو هەفتەدا بوو کە ترامپ ڕایگەیاندبوو، بۆئەوەی دەرگای گفتوگۆ بەکراوەیی بهێڵرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران! بەڵام ترەمپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا، لە سەرو هەر نۆرم و پرەنسیپێکی باوی نێودەوڵەتییەوە، جارێکی تر ملهوڕی و هێزنواندنی سەربازی هەڵبژارد و کۆمەڵگای ئێران و ناوچەکە و جیهانیشی بەرەو ئایندەیەکی تاریک و پڕ لە مەترسی ڕاپێچکردەوە.

پاساوەکانی ئەمریکا لەم سیاسەتە جەنگخوازی و میلیتاریستیەیدا، "بەرگریکردنە لە ئەمنیەتی ئیسرائیل" و "بەرگرتنە لە دەستراگەیشتی ئێران بە چەکی ئەتۆمی"، لەکاتێکدا ئەوە خودی ئیسرائیلە کە بە پشتیوانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەخوێن و کاولکاری و شەپۆلەکانی ئینسانکوژیدا، نوقمکردووە. کاولکاری و کۆمەڵکوژی خەڵکی غەززە و ئاوارەکردن و کۆچپێکردنی ملیۆنی و بەستنی ڕێگا لە گەیشتنی هاوکاریە مرۆییەکان بە ژنان و منالی فەلەستینی، تا پەلاماردانی خەڵکی لوبنان و دەستدرێژیە سەربازیەکان بۆسەر سوریا و عێراق و ئێران و یەمەن، بەڵگەیە بۆئەوەی کە ئەوە ئیسرائیل و حکومەتەکەی ناتانیاهۆیە، بۆتە هۆکار و سەرچاوەی نائەمنی و تێکدانی ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی خەڵکی ناوچەکە.

ئەوەی کە ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لەم سیاسەتە ملهوڕی و جەنگخوازیەیاندا کوشتار و کاولکردنی ئێرانیان هەڵبژاردوە، ئامانجیکی تری نییە جگە لە هەستانەوەی پێگەی داکەوتووی ئەمریکا لەبەرامبەر هێزە ئیمپریالیستیەکانی تردا و بۆ ئارایشتدانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی و پێدانی ڕۆڵی پۆلیسی ناوچەیی بە ئیسرائیل، ئەویش لەسەر حسابی ڕاکێشانی دۆخی ناوچەکە و جیهان بۆ ژێرسایەی شەڕێکی نەبڕاوە، کە تەنها ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمەڵگای مەدەنی دەکاتە قوربانی.

ئەم هێرش و پەلامارەی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاستەوخۆ لەدژی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەئاستی ناوچەکە و خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و ژنان و خەڵکی ئێرانە کە ساڵانێکە یەخەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی گرتووە، هاوکات پەیامێکی ملهوڕانە و مەترسیدارە بۆ جیهان، ئەویش بەوەی کە هەر هێز و دەوڵەت و لایەنێک لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ڕاوەستێت، لەگەڵ هێرش و پەلامارە سەربازیەکانیدا بەرەوڕوو دەبێتەوە. لە ڕاستیدا خەڵکی جیهان و ناوچەکە ئەزموونێکی تاڵ و پڕ لە کارەساتیان لەگەڵ ئەمجۆرە لەشکرکێشی و سیاسەتی جەنگخوازیەی ئەمریکادا هەیە. ئەزمونی جەنگ و کاولکاریەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان، کە بە پاساوی "دژایەتیکردنی تیرۆر" و "چەکی کۆمەڵکوژی"وە، دوو جەنگی گەورەی بەرپاکرد و دوو کۆمەڵگای لەبەر یەک هەڵوەشاندەوە و دەرگای بۆ سەرهەڵدان و بەهێزبوونی کۆنەپەرستترین گروپ و هێزی ئینسانکوژی نەتەوە پەرست و ئیسلامی و تایفی خستەسەر پشت، هەرئێستا لە بیرەوەری خەڵکی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز و کرێکار و زەحمەتکێشی ناوچەکە و دنیادا زیندووە! ئەوان دەزانن کە ئەو ئایندەیەی ئەمریکا دەیەوێ بۆ خەڵکی ئێرانی بنەخشێنێ، تەنها وێرانکردن و کاولکاری و شەڕی دینی و تایفی و نەتەوەیی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگایەکی ۹۰ میلۆنیە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەکاتێکدا کە لەپاڵ خەڵکی ئازادیخواز و موتەمەدینی دنیا و جوڵانەوەی جیهانیی لەدژی جەنگ و پەلامارە سەربازیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەناوچەکەدا ڕاوەستاوە، هاوکات ئەم هێرشەی ئەمریکا بۆسەر ئێران بەتوندی سەرکۆنە دەکات و هەرجۆرە پشتیوانی و هاوکارییەکی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ناوچەکەش بۆ ئەم شەڕە بەشەریکە بەش لە تاوانەکانی جەنگ و ئینسانکوژیدا لەقەڵەم دەدات.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی خەڵکی کوردستان و سەرجەم ڕێکخراوە کرێکاری و مرۆڤدۆست و ئازادیخوازی ناوچەکە و جیهان دەکات لە دژی ئەم بەربەریەتە ئاشکرا و هەوساربچڕاوەی ئەمریکا و دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل ڕابوەستن و خوازیاری دەستبەجێ ڕاگرتنی هێرشەکانیان بن بۆ سەر ئێران.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
۲۳ی حوزەیران/ جون ۲۰۲۵

# هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، سەرەتای قۆناغێکی مەترسیدار لە ناوچەکەدا

## بەیاننامەی ٣ی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

سەرلەبەیانی رۆژی هەینی ١٣ی حوزەیران، ئیسرائیل هێرشی کردە سەر تاران، ئیسفەهان، شیراز، کرماشان و تەبریز و دەیان ناوەندی سەربازی، ئەتۆمی و شوێنی نیشتەجێبوونی بۆردومان کرد، جگە لە کوشتنی ژمارەیەک فەرماندەی پلە باڵا و ئەندازیاری ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی، بە پاساوی رووبەڕووبوونەوەی "مەترسی ئێرانێکی ئەتۆمی" سەدان هاووڵاتی بێ تاوانی کوشت و بریندار کرد. راگەیاندنی ئەوەی کە "جەنگ و بۆردومانەکان تا پێویست بێت بەردەوام دەبێت!" لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە بە کردەوە راگەیاندنی دەستپێکی شەڕێکی تەواوەتییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە کۆتاییەکەی ئیتر لە دەستی ئەودا نەماوە. شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا سەپێندرا کە حکومەتی ئەمریکا و ئێران لە پرۆسەی دانوستاندا بوون. ئەم شەڕە و پانتایی و ئاستەکەی، بە پێچەوانەی هێرشەکانی پێشووی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، شەڕێکی مەترسیدار و سەرڕۆیانە و سەرتاسەرییە کە ناوچەکە بۆ قۆناغێکی هەستیار و مەترسیدار راپێچکردوە.

بێگومان هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بەبێ رێککەوتن و پشتیوانی حکومەتەکەی ترەمپ ئەنجام نەدەدرا. حکومەتی ئیسرائیل سەرەڕای ٢٠ مانگ کۆمەڵکوژی هەمەلایەنەی خەڵکی فەلەستین و گەمارۆدانی تەواوەتی غەززە و بڕینی ئاو و کارەبا و خۆراک و دەرمان و رێگریکردن لە یارمەتییە مرۆییەکان بۆ چەند ملیۆن کەس، سەرەڕای بۆردومانکردنی بەردەوامی بەیروت و ناوچەکانی دیکەی لوبنان وهێرشی چەند بارەی بۆ سەر سوریا و داگیرکردنی ناوچەکانی ئەم وڵاتە، بە ناوی "پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل"ەوە، ئەوە حکومەتەکەی ئیسرائیلە کەڕووبەڕووی قەیرانی ناوخۆ و چەقبەستوویی سیاسی و گۆشەگیریی سەرتاسەریە لە ئاست ناوچەکە و جیهاندا. جگە لەمەش لەئێستادا ئەوە دەولەتی ئیسرائیلە کەلەڵ بزووتنەوەیەکی جەماوەری وئینسان دۆست بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی فەلەستین و لەدژی هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجامی داوە لەسەر ئاستی جیهانیدا بەرەورووە. بزووتنەوەیەک کە رەهەندە بەرفراوانەکانی تەنانەت نزیکترین حکومەتەکانی رۆژئاوای هاوپەیمان لەگەڵ ئیسرائیل ناچار کردووە خۆیان لێ دوور بخەنەوە. لەسەرێکی ترەوە مەودای تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل و تواناکانی بزووتنەوەی جیهانی بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین، هەروەها نارەزایەتییە جەماوەریەکان لە دژی ئەم شەرە و کۆمەڵکوژیی خەڵکی فەلەستین لە خودی ئیسرائیلدا وروژاندووە. شەڕ لەگەڵ ئێران و راکێشانی ئەمریکا بۆ ناو ئەم شەرە، لە روانگەی شەرخوازان و قەسابەکانی خەڵکی فەلەستین و دەستەی فەرمانرەوای ئیسرائیلەوە، رێگایەکە بۆ رزگاربوون لەم بنبەستە و کێشە سەرتاسەرییەکانی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل.

هێرشەکانی ئیسرائیل و وەڵامدانەوەی کۆماری ئیسلامی و هێرشەکانی هەردوولا و بۆمب و مووشەکباران بۆ سەر شارەکانی ئێران و ئیسرائیل، بە کردوە جەنگێکیان پەرەپێداوە کەئیتر کۆنترۆڵکردنی و ئایندە و پانتایی و لێکەوتە مرۆییەکان و رادەی ویرانکارییەکەی بۆ هیچ کەسێک مەعلوم نیە. حیساباتی ترەمپ و نەتانیاهۆ کە بە هێرشەکانی ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامیيان ئیفلیج دەکاو ناچاری دەکات بەوەی لە پێگەی لاوازییەوە لە دانوستانەکاندا تەسلیم بەهەر هەلومەرجێک ببێت و هەرەشە و ملهوڕییەکانیان لەسەر بنەمای ئەم حیساباتە هەڵەیان سەلماندووە. حیساباتێکی هەڵە و سەرەرۆییەیەک کەهەردوو دەوڵەتی ئیسرائیل وئەمریکا دەستیان بۆ بردوە ئەمرۆ رۆژهەڵاتی ناوەراستی خستۆتە بەردەم مەترسی لەناوچوونەوە.

بوونی بنکەی ئەمەریکا لە وڵاتانی عەرەبی و کەنداو و سودوەرگرتنی ئیسرائیل لەم بنکانە، لەوانەش لە عێراق، بۆ هێرشکردنە سەر ئێران. هەروەها هەرەشەی ئێرانیش بەوەی کەئەو بنکانەی ئیسرائیل لە ناوچەکە بەکاریان دەهێنێت وەک هەدەفێکی سەربازی هەژماریاندەکات، هاوکات هەرەشەی داخستنی گەرووی گرینگی هورمز، شەپۆلێکی بەرفراوانی نیگەرانی لە مەترسییە ترسناکەکانی ئەم جەنگەی لەنێو خەڵکی ئێران و تەواوی ناوچەکەدا پەرەپێداوە.

ئەم جەنگە سەربەخۆ لەمەودای قوربانیەکانی وئەوماڵوێرانیەی کە لە ئێران و ئیسرائیلدا دەیهێنێتەکایەوە، هاوکات پێگەی چینی کرێکار و بزوتنەوەی نارەزایەتی و ئازادیخوازەکانی خەڵکی ناوچە، کە بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئەمنیەت لەمیداندایە، لاواز دەکات و دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانی سەپاندنی هەژاری و گرانی و بێبەشکردن و پەلاماردانی خەڵک زیاتر ئاوەڵادەکا و کاریگەری ویرانکاری لەسەر خەباتی هەقخوازانە وئینسانی لەتەواوی ناوچەکەدا بەجێدێڵێت.

لە هەمانکاتدا کۆماری ئیسلامی بە ناوی بەرگری لە خۆوە، لە رێگەی پروپاگەندەی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیستی بەرفراوان و بە پشت بەستن بەو درندەییەی کەئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین و هەڵسوکەوتە بێ سنوورەکانی لە ناوچەکەدا، وەک دەوڵەتێکی جەنگخواز و هۆکاری سەرەکی بۆ نائەمن

کردنی ناوچەکە، نەک تەنیا ناسیونالیزمی ئێرانی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، بەڵکو لە ولاتانی عەرەبی و لەئاستی جیهاندا هاوسۆزی گشتیی خەڵک بۆ خۆی وەک تاکە دەوڵەتێک کە دژی ئیسرائیلە ڕادەکێشێت.

ئێمە سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ناوچەکەدا وێڕای دژایەتی تەواوەتی خۆمان بەرامبەر ئەم جەنگە ڕادەگەیەنین، هاوکات حکومەتەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بە هۆکاری سەرەکی ئەم شەڕە و دەرئەنجامەکانی دەزانین و پێکەوە لەگەڵ خەڵکی موتەمەدینی ناوچەکە و جیهان ئەم جەنگە مەحکوم وشەرمەزار دەکەین. ئێمە لەم ڕۆژە سەختانەدا شانبەشانی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەدا هێرشکردنە سەر شوێنەکانی نیشتەجێبون، ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی نەوتو پیشەسازی و ناوەکییەکان لەلایەن هەر حکومەتێکەوە سەرکۆنەدەکەین، هاوکات هەر جۆرە دەستدرێژییەکی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی ئێران بە بیانووی شەڕەوە، مەحکووم دەکەین.

لای خۆمانەوە، چ لە ئێران، چ لە عێراق و لەناوچەکە و لە جیهاندا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە درێژەکێشانی ئەم شەڕەماڵوێرانکەرە و بۆ کۆتایی پێهاتنی، داوا لە هەموو سەندیکا کرێکاریەکان و ڕێکخراو و دامەزراوە ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستەکان و خەڵکی موتەمەدین لە سەرانسەری جیهاندا دەکەین ڕێوشوێنی گەورە و هاوئاهەنگ بگرنەبەر بۆ فشارخستنە سەر حکومەتەکان، بە تایبەت حوکمەتەکانی ترەمپ و ئیسرائیل، بۆ کۆتاییهێنان بەم بەربەریەتە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق،**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**١٥ ی حوزەیرانی ٢٠٢٥**

# بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، سەبارەت بە گورزی ئاسمانی ئەمریکی بۆ سەر ئێران!

لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢٢ حوزەیرانی ٢٠٢٥ ، ولایە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، گورزێکی ئەسمانی ئەنجامدا، کە دامەزراوە و بەرنامە ئەتۆمیەکانی ئێرانی، لە نەتەز، و ئەسفەهان و فۆردوا کردە ئامانج. هەروەها سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترامپ بەشێوەیەکی فەرمی ئەم ئۆپەراسیۆنەی ڕاگەیاند، بەم شێوەیەش سنورێکی دانا بۆ ئەو سیاسەتە گومڕاییانەی کە بەڕێوبەرایەتیەکەی بۆ جاری دووەم، ئاماژەی بە ئەگەری گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە کردبوو، بۆ ئەو قەیرانەی، کە پەیوەندی بە بەرنامەی ناوەکی ئێرانەوە، هەیە.

ئەم گورزە سەربازیە، هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ بەهانانەوە چوونی دەوڵەتی نازیی ئیسرائیل، کە لە بەرواری ١٣ ی حوزەیران، بە بیانوی ڕاگرتنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران دەستپێکرد. ئەو بیانوە دژ بەیەکانەی کە لەلایەن بەرپرسانی ئیسرائیلیەوەدەخرێنەڕوو، هەر لە وێرانکردنی دامەزراوە ئەتۆمیەکانەوە بۆ بە ئامانجگرتنی موشەکە بالیستیەکان، دواتر کارکردن بۆ گۆڕینی ڕژێم یاخود تیرۆرکردنی مورشیدی باڵا عەلی خامینەیی، ڕەنگدانەوەی سەرلێشێواویەکی سەربازی و سیاسیە، کە ئامانج لێیان ڕاپێچکردنی ناوچەکەیە بە تێکڕا، بەرەو نێو جەنگێکی کراوە، لەپێناو دەرچوون لەو گیرخواردنەی کە لە ئەنجامی بەرپاکردنی جەنگ دژ بە ئێران دووچاری بووە.

هاتنەناوەوەی ڕاستەوخۆی ئیدارەی ئەمریکا، بۆ نێو ئەم جەنگە، لەڕاستای ئەو ئیستراتیجیەی دایە، کە ئامانج لێی پارێزگاریکردنە لە پێگەی خۆی، وەک تاکە جەمسەر لە نێو سیستەمی جیهانی و پێشگرتن بە داشکانی باڵادەستیەکەی. بانگەوازکردنەکانی ترامپ بۆ رژێمی ئێران بۆ خۆبەدەستەوەدان یاخود گەڕانەوە بۆ سەرمێزی گفتوگۆ ، بەدوای گورزە سەربازیەکە، ئەمانە جگە لە جۆرێک لە کردەوەی بەڵتەجیانە، هیچی دیکە نین، کە ئامانج لێیان داسەپاندنی دەسەڵاتداریەتی ئەمریکی- ئیسرائیلیە، بەسەر ناوچەکەدا، لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئیستراتیژیە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، زۆر بەتوندی سەرکۆنەی ئەم گورزە سەربازیانە دەکات، کە شارەکانی ئێرانی کردۆتە ئامانج، باجی ئەم کردەوانە، چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش لە ژیان و ئاسایش و سەلامەتی و ئارامیان دەیدەن. هەروەها ئەو بانگەشە بێبنەمایانەی ئیدارەی ئەمریکا و ڕاگەیاندنە بەکرێگیراوەکانی سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران پووچەڵ دەکاتەوە. هاوکات حزب بانگەوازی هەموو هێزە کرێکاری و ئازادیخواز و مرۆڤدۆستەکان دەکات، بۆ ڕاوەستانەوە بەرامبەر ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیە و بەرگرتن بە شەقاوەچێتی ئەمریکی – ئیسرائیلی، کە هەڕەشە لە گەلانی ناوچەکە و جیهان دەکەن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
**٢٢ ی حوزەیران ٢٠٢٥**

# ئالۆگۆڕێک لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا!

## عوسمانی حاجی مارف

ئەوساتەی بینەری ڕووداوەکانی بەغدا بووین، لە ساڵی ٢٠٠٣دا، یان وەک مێژوویەکی نزیک بۆ نەوەکانی ئێستای دەگێڕینەوە، یان گەر وەک فلیمێک نیشان بدرێن، کاتێک هێزەکانی سوپای بەرفراوانی ئەمریکا لەدەروازکانەوە هاتەناوەوە، پێشوەخت بە تێکشکاندنی تەواوی دامەزراوەکانی وەکو وێستگەکانی کارەباو بە بۆردمان و وێرانکاری تەواوی شارەکانی عێراقیان تاریک کرد، هەرئەوکاتە ڕۆشن بوو بەوەی سەردەمێک دەسرێتەوە و سەردەمێکی دیکە لەناو ڕەحمی ئاژاوەیەکی بێسەروبەر و بێوێنەدا لەسەر دەستی ئەمریکا لەدایک دەبێت.

ئێستاش لە ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥دا، بەدوای هێرشی ئاسمانی بێبەزیانەو نامرۆڤانەی ئیسرائیل بۆسەر ئێران، بە لێدانی یەک لە دوای یەکی بۆمبی وێرانکەر کە دڵی نائارامی خەڵکی ئێرانیان کردوتە ئامانج، دەشێ بەسادەیی بڵێین لە بەردەرگای گۆڕانکاریەکی هاوشێوەی عێراقدا وەستاوین، بەڵام بە قەبارەیەکی گەورەتر و بە ئەگەری کاردانەوەی قووڵتر و نائەمنی زیاتر.

ڕەنگە نەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لەڕۆژە سەختەکانی داهاتودا چی ڕوئەدات، بەڵام لەڕاستیدا شاراوەنیە کە دۆخەکە مایەی مەترسیەکی گەورەیە، ئەو ڕژێمەی چوارده دەیەیە خەریکی نەخشەی پانئیسلامی و پەروەردەی تیرۆرستان و هێزی میلیشیایە، کاریگەری خۆی لەسەر فەلەستین و لوبنان و عێراق و یەمەن دانا، بەڵام ئێستا لەبەرامبەر زریانێکی زۆر بەهێزدا دەلەرزێت، بۆ ئایندەیەکی نارۆشنی مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدۆلۆژیەکەی بەرگری دەکات، جا بەهێزی سەربازی بێت یان بەدانوستان و ڕێکەوتن، هەوڵی جدی ئەدات ئەوکارەی بەسەرکەوتن بگەیەنێت، وەک وەستانەوەو پەرچەکرداری هێرشی بۆمبارانی ئێستای لەبەرامبەر ئیسرائیلدا!.

ئەم دۆخە کە ئەمریکاو ئیسرائیل خولقاندویانە، ئەگەری ئەوە هەیە بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات کۆتایی پێکهاتەی ئێستای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێت، کە چل ساڵ زیاترە پاراستنی سەرمایەداری بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بەڕێوەدەبات، بەڵام پرسیاری جدی ئەوەیە دوای کۆتایی پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێستای ئێران لەڕێگای ئەم شەڕە وێرانکەرەوە، دەسەڵاتی سیاسی بە چ شێوازێک بۆ پاراستنی سەرمایەداری دەتوانێت خۆی ڕێکخاتەوە و لە ئێرانێکی پڕ گێژاودا چۆن دەسەڵاتێکی تر دادەمەزرێننەوە، واتە دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟. سیناریۆی جیاواز قابیلیە پێشبێت، ئەزمونی ژیانی سیاسی ئەوەمان بیردەخاتەوە، کە ڕووخانی ڕژێمە دکتاتۆر و پاوانخوازەکان بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەڕێگەی جەنگ و کاریگەری دەرەکی و سەرو ئێرادەی جەماوەری خەڵکەوە، بەدەگمەن فەراهەمهێنی ئارامی و سەقامگیری سیاسیە، بەئاشکرا و بە فراوانی دەروازەکانی دۆزەخ بۆ دانیشتوان دەکەنەوەو بەدڕندانەترین شێوە کەڵەکەی سەرمایە بەڕێوەدەبەنەوە.

هەڵبەتە ئەوە لەبەرچاوە، کە دۆخی ئێران وەک وولاتێکی یان وبەرین و دامەزراوەیەکی حکومرانی بە هێژمۆنی سەراسەری و ناوەندبوون، خاوەن ئایدۆلۆژیەکی ئیسلامی، کاریگەریەکی توندی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دارشتوەو ڕێکخستوە، خاوەن بەرژەوەندی سەرمایەگوزاریەکی زەبەلاحی جیاوازە لە ناوچەکەدا، لەهەماکاتدا دانیشتوانی هەشتاوپێنچ ملیۆن کەسە و پێکهاتەیەکی فرە ئاینی و فرە نەتەوە لەخۆدەگرێت، لەحاڵەتی دارمانی کۆماری ئیسلامی لەم کاتەدا، ئەو هێژمۆنی ناوەندبونەی، تەواو دەشێوێت و لێک دەترازێت و بەزەحمەت بەیەکەوە دەبەسترێتەوە. هەربۆیە لەگەڵ هەر وەستانەوەیەکی ئەمریکا لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە نایانەوێت حکومەت بروخێنن!.

ئەوەی شایانی باسە، کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گرنگترین دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی لەدەست داوە، لەلایەک، ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد وەک پشتیوانێکی گرنگی ئێران، گورزێکی گەورەبوو لەپێگەی ئێران لە ناوچەکەدا، هەروەها پردی وشکانی پچڕاند کە ئێرانی بە لوبنانەوە دەبەستەوە، دارمانی حەماسیش لە غەززە بووە هۆی ئەوەی کە ڕژێمی ئێران دوا هێزی مانەوەی خۆی لە دژی ئیسرائیل لەدەست بدات. وەک ئەوە وایە کە گەڵاکانی پاییزی ئێران یەک بە یەک بکەونە خوارەوە، تا دارەکانی لەبەردەم بای توندی گۆڕانکاری وەرزدا ڕووت بمێننەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دیمان کە پەرچەکرداری ئێران لەبەرامبەر ئیسرائیلدا، سەرسامیەکی نیشاندا، کە چاوەڕوانکراو نەبوو، بەجۆرێک هاوسەنگی هێزی پێچەوانە کردەوە، بەڵام ناکرێ ئەو ڕاستیە لەبەرچاو نەگیرێت، پێوەرەکانی ئێستا ئەوە دەردەخەن کە ڕژێمی ئێران قەیرانێکی قوڵی ئابوری یەخەی گرتوە و دانیشتوانەکەی لە ناوەوە دەکوڵێت و نوخبەی دەسەڵاتدار یەکدەست نین و کێشەیان هەیە، ئەم دۆخی شەڕە وێرانکاریەش ئابوریەکەی زیاتر و زیاتر دادەڕمێنێت، بۆیە بەرگەگرتنی

⟸

هەموو ئەوانە بۆ کۆماری ئیسلامی ئاسان نییەو ناتوانێ وەک پێکهاتەی ئێستای دەسەڵاتەکەی بپارێزێت، کە یان دەبێت خۆی بگۆڕێت یان دەبێت بڕوخێت!

ڕژێمی ئێران بۆخۆشی باش درک بەوە دەکات، لە سۆنگەی هاوسەنگی هێزەوە درێژەدان بەم شەڕە لەلایەک خودکوژی خۆیەتی، لەلایەکی ترەوە زیاتر دارمان و وێرانکردن و کوشتنی بەکۆمەڵە، لەهەمانکاتدا پاشەکشە بەمانای لەدەستدان و شکستی ئەو شەرعیەتەیە کە لەسەر بنەمای ئیسلامی و خۆراگری بنیاتیان ناوە.

لەڕاستیدا پێویست نیە ئەو پرسیارە بکەین، کە کۆماری ئیسلامی کەی دەڕوخێت، بەڵکو ئەو پرسیارە گرنگە، دوای ڕووخانی چی ڕوودەدات؟، دۆخی ئێران چی بەسەردێت؟. بێگومان دۆخەکە لەبەردەوامی جەنگ و فراوانبونەوەی ململانێکان و لێدوان و هەڕەشەی لایەنەکانی بەشدار لە جەنگ و دەرەوەی جەنگ، زیاتر ئەوە نیشان ئەدەن کە کێبرکێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەکەن کە دوای جەنگ دروست دەبێت. ئەمەش لەپەیوەند بە دۆخی ئێرانی دوای جەنگ ،هاوسەنگیەک لەنێوان لایەن و هێزەکاندا نابینرێت کە بتوانن حکومەتێک پێکبهێنن، ناوەندبون و ئارامی و یەکگرتویی و سەقامگیری ئێران بپارێزێت، بۆیە ئاژاوەو گێژاوێک پێشبینی دەکرێت کە ساغبونەوەی سەقامگیری دەکەوێتە بەر ئایندەیەکی نادیارەوە.

ئەمریکا وەک لایەنێکی سەرەکی لەشەڕەکەدا، سەرەڕای دوژمنایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ دەستەمۆکردنی ئێران لەرێگەی هێرشکردنە سەری، درک بەوە دەکات کە ڕوخانی ئێران وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو، ئاژاوەی بەربڵاوی ناوخۆیی و ناوچەیی دروست دەکات، ئەمەش دواتر بەقازانجی ستراتیژی ئەمریکا نابێت کە باڵادەستی خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێت، بۆیە تابۆی بگونجێت تەنها ئالوگۆڕێکی شکڵی لە هەمان دەسەڵاتی سیاسی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا دەکات، کە ملکەچی خۆی بێت.

لەلایەکی تریشەوە ڕوسیا و چین، هاوپەیمانی تەقلیدی تاران، وا پێدەچێت نەیانەوێت دەستوەردانێکی سەربازی ڕاستەوخۆ بکەن بۆ ڕزگارکردنی کۆماری ئیسلامی، بەڵام لەهەمانکاتدا، ڕێگە بە کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی ئەمریکا بەسەر وولاتێکی گەورەی وەک ئێراندا نادەن، کە ئێران تایبەتمەندی ستراتیژی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت دەوڵەتانی کەنداو، لەدۆخێکی دوودڵیدان، لەلایەک پێشوازی لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەکەن، کە دەیان ساڵە لە ژێر کاریگەری هەڕەشەدان بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکانیان، لەلایەکی تریشەوە ترسیان لەو ئاژاوە هەیە کە لە ئەنجامی جەنگێک و ئامادەیی و نەتوانینی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە ڕەنگە بۆیان بێتە پێشەوە، وەک ئاگری پوشی دەشتێک کە لە سەرانسەری ناوچەکەدا بڵاودەبێتەوە. عەرەبستان و ئیمارات بەتایبەتی درک بەوە دەکەن کە سەقامگیری ئێران وەک دەوڵەتێک لە سروشتی ڕژێمی دەسەڵاتدارەکەی گرنگترە. دراوسێیەکی کێشەدار لە دراوسێیەکی دوژمنکار مەترسیدارترە.

لەم دیمەنە ئاڵۆزەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە، ئایا هێزەکانی ناوخۆی ئێران لە بەڕێوەبردنی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا سەرکەوتوو دەبن؟ یان بەرەو شەڕێکی ناوخۆیی درێژخایەن دەڕۆن، کە دەتوانێت ببێتە هۆی دابەشبوونی وڵات؟ فاکتەرێک کە پێشبینی ئەگەری ئەو دابەشبونەی تیا دەکرێت، بەجیا لە نەبونی هێزێکی پتەو بەرجەستە کە بتوانێ ڕژێمێکی تر دامەزرێنێت، لەهەمانکاتدا بونی هێزێکی بەرفراوانی سەدان هەزاری عەقیدەتیە کە دەیان ساڵە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پەروەردەیان دەکات، ئەگەر ئەم هێزە بڕیار بدات تا کۆتایی شەڕ بکات، ئێران دەتوانێت شایەتحاڵی کارەساتێکی گەورەتری پەرشوبڵاوی ناوچەکانی ئێران بێت، لەوەی کە لە سوریا و عێراق ڕوویدا.

پێمونایە هیچ کەس نکوڵی لەوە بکات کە دوای کۆتایی ئەم شەڕەو گۆڕانێک لەنێو هەمان پێکهاتەی ئێستای دەسەڵاتی سیاسی ئێران، یان ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، بە تەواوی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە باڵادەستی ئەمریکا دادەڕێژێتەوە، لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر چۆنیەتی دۆخی ململانێی زلهێزکانی دنیا دەبێت.

لەڕووی ئابووریەوە ڕووخانی ڕژێمی ئێران کاردانەوەی جیهانی دەبێت. لەبەرئەوەی ئێران خاوەنی چوارەم یەدەگی نەوتە لە جیهاندا، هەر جۆرە پەککەوتنێک لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنیدا کاریگەری لەسەر نرخی وزەی جیهانی دەبێت.

چین کە بڕێکی زۆر لە نەوتی ئێران هاوردە دەکات، ناچار دەبێت بەدوای بەدیلدا بگەڕێت، ئەمەش ئەگەری گۆڕینی دیمەنی بازرگانی وزەی جیهانی هەیە. لای خۆیەوە ڕووسیا ڕەنگە سوود لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز وەربگرێت، بەڵام هاوپەیمانێکی ستراتیژی گرنگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕۆژئاوادا لەدەست دەدات.

هەرچەندە ئەمریکا لەدوای هێرشەکانی بەرەبەیانی ٢٢ی ئەم مانگە، وارادەگەیەنێت کە کۆتایی بە کاریگەری یۆرانیۆم هێناوە، بەڵام پێمۆایە هێشتا بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران تەحەدای دیکەی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر ئێران بکەوێتە بەر گێژاوی شەڕی ناوخۆی لایەنەکان و هێزە میلیشیاکان، چی بەسەر پاشماوەی دامەزراوە ئەتۆمیەکان و ماددە تیشکدەرەکان دێت؟ ئایا زلهێزە نێودەوڵەتیەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ئەو ماددانە بکەن و ڕێگربن لەوەی نەکەوێتە دەستی گروپە توندڕەوە میلیشیاکانەوە؟ یان لە ناوچەیەکی پڕ لە ململانێ و گرژی و ئاڵۆزی، ڕووبەڕووی کابوسێکی بڵاوبوونەوەی چەکی

ئەتۆمی دەبینەوە؟ بەگشتی ئێران و ناوچەکە، بەتایبەتی بەدوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران، دۆخەکەی ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر کردووە.

لەنێو ئەو هەموو گێژاو و ئاڵۆزی و تەحەدا ترسناکانەدا، پرسیار لە کۆمۆنستەکان و ئازادیخوازان و ڕێکخراوە جەماوەریەکان ئەوەیە، ئامادەن بۆئەوەی دوای هەر ئالوگۆڕێک، یان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕۆڵێکی پێشڕەوی ئینسانی و ئازادیخوازی ببینن، تا پێگەی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی جەماوەری لەئایندەی پێکهێنانی دەسەلاتی سیاسی لەئێراندا دابین بکەن؟ لەڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و چینی کرێکار بە تایبەتی، ئاستێکی بەرینی پێشڕەوی جەماوەری لە رادیکالی و ئازادیخوازی و یەکسانخوازی تیا بەهێزە، بەلام نارێکخراو و پەرشوبلاوە ونائامادەیە، پێش هەموو شتێک هەر لایەنێک و ڕێکخراوێکی کۆمۆنستی، پێویستە لەڕیزی پێشەوەی ڕێکخستن و یەکخستنی ئەو هێزە جەماوەریەدا بێت کە بە ئاسۆی سۆشیالستی و ئازادیخوازی و یەکسانخوازی لە مەیدانی ململانێ و خەباتی چینایەتیدایە.

ئەوەی لەمڕۆدا پێویستە، کە ئێران لە دۆخی جەنگێکی وێرانکاری و کۆمەڵکوژیدایە، کاتی خۆپاراستنە لە کاریگەریەکانی ئەو جەنگە و نەبون بە سوتەمەنی ئەو شەڕە. دورکەوتنەوە لەو هێزو لایەنانەی دەیانەوێت لە نێوەندی ئەو شەڕەدا بکەونە بەرامبەر هێزەکانی دەسەلات و پیکدادان ئەنجام بدەن، ئێستا سەردەمی یەکریزی و خۆڕێکخستن و هوشیاربونەوەیە، ئەگەرچی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەڕووی سەربازیەوە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و ئەمریکای نییە، بەلام لەم بارودۆخەدا دەتوانێت لەبەرامبەر هەر نارەزایەتیەک سود لە توندترین و خوێناویترین سەرکوت وەرگرێت. بۆیە ئامادەکرنی هەر ڕێکخراوێک لە ئێستادا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕژێمدا، کاریکی گەمژانەو نابەجێیە، بە زیانی خەباتی جەماوەری تەواو دەبێت.

پێویستە خۆڕێکخستن لە دژی شەڕ و هەلومەرجی شەڕ و ئازارەکانی، بەرەوپێش بچێت، خەبات بۆخواستی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ، بەرزکردنەوەی دروشمی شەر پێویستی بە بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی جیهانی جەماوەریە.

ئەمڕۆ پێویستە کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان، ڕێکخستنی خەڵکی نارازی بەدژی شەر بکەنە ئەولەویەتی کارنامەی خۆیانەوە، بۆ هاوکاریکردنی یەکتر لە بەرامبەر سەختیەکانی شەڕ، دابینکردنی ئامراز و ئاسانکاری بۆ ئەو هاوولاتیانەی کە ناچارن ماڵ و شارەکانیان بەجێبهێڵن و پێدانی پێداویستی تەواوی بۆیان، دابینکردنی بژێوی ژیان و ئیمکاناتی تەندروستی، هاوکاریی دەستبەجێی خەڵک لە ئەگەری بۆردومانکردنی ماڵەکانیان، خەبات دژی ئەو ناسیونالیستە ڕەنگاوڕەنگانەی کە بە شەڕ و ویرانکردنی کۆمەڵگا وروژێنراون و ئومێد بە لایەنگری بۆ جەنگ دەبەخشنەوە.

دوورخستنەوەو پاراستنی کۆمەڵگا لە دروستبونی هەر سیناریۆیەکی تاریک و هەلومەرجی شەرهەڵگیرسانی هێزە میلیشیاکان، لەهەمانکاتدا لە هەر جێگایەک بۆشاییەک بەهۆی نەمانی هێزەکانی ڕژێم دروست دەبێت، پێویستە جەماوەری خەڵک بۆ پاراستنی خۆی و بۆ ئیدارەکردنی کاروبارەکانیان ڕێکخراو و چەکدار بن، تا بتوانن ئەمنیەتی خۆیان بپارێزن و کاروباری خۆیان بەڕیوەبەرن.

★

**تا ئەو جێگەیەی بەبەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەمریکا لەم هێرشەیدا بۆسەر ئێران دەگەڕیتەوە، مەسەلەکە بوونی ئێران نیە وەک هێزێکی ناوچەیی و مەترسیداری خاوەن چەکی ئەتۆمی، تەنانەت بە پلەی سەرەکی "بەرگریکردن لەئاسایشی ئیسرائیل" نیە بەڵکو ئامانج و سیاسەتی سەرەکی ئەمریکا، لەدونیای چەند جەمسەری ئەمڕۆدا، هێزنواندنە لەبەرامبەر رکابەرە جیهانیەکانیدا، هەوڵدانیەتی بۆ شکاندن و رازیکردنی روسیاو چین و هێنانەپشتی دەولەتانی رۆژئاوایە بۆژێر هەژمونی خۆی. ئەمەش لەدۆخێکدا کە ململانێی نێوان ئەم جەمسەرانە لەسەر دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان و دیاریکردنی ناوچەکانی نفوز، لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا چربۆتەوە. ئەمریکا لەسالانی نەوەتەکانەوە لەچوارچیوەی "ئیستراتیژی نەزمی نوێی جیهانی"دا لەهەوڵی ئەوەدابووە کە دەسەلاتی تاکجەمسەری خۆی لەرێگای هێزنواندن و شەرخوازیەوە بەسەر جیهانی سەرمایەداریدا بسەپێنێت، بۆئەمەش دووجار لەبەرامبەر عیراق و جارێکیش لەبەرامبەر ئەفغانستاندا بەپاساوی جیاجیا دەستی بۆ جەنگ بردوە، بەلام لەئەنجامدا نەک سەرکەوتنی بەدەست نەهینا، بەلکو لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا، تاهاتوە پێگەی لاوازتر بووە و ئەمەش زەمینەکانی دونیای چەند جەمسەری و دەرکەوتنی روسیاو چین و یەکیەتی ئەورووپای وەک جەمسەرە سەرەکیەکانی لەدۆخی جیهانیدا هێناوەتەکایەوە.**

# سەرکۆنەکردنی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران

## بەیاننامەی حزبی حیکمەتیست (خەتی رەسمی)

بەرەبەیانی ئەمرۆ یەکشەممە ١ی تیری ١٤٠٤، بەرامبەر بە ٢٢ ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، بە بۆردومانکردنی ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران، لەرێگەی فرۆکە بۆمبهاوێژەکانی بی-2 و مووشەکی کروزی ئەمریکییەوە، سێبەری رەشی شەڕێکی وێرانکەر بە دەرئەنجامە تێکدەر وکۆنەپەرستانەکانیەوە، سایەی بەسەر خەڵکی ئێران و ناوچەکەدا بەرینترکردەوە. ئەم هێرشە، لە سەروبەندی دانوستانەکاندا، بە شێوەیەکی کرداری، جەنگی گەیاندە قۆناغێکی هەستیار و ئاڵۆزتر و زۆر مەترسیدار، بۆ خەڵکی ناوچەکە و بەتایبەتیش بۆ خەڵکی ئێران.

جینۆساید لە کەرتی غەززە، هێرشی تاکلایەنەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و هێرشی ئەمرۆی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، بە پشتیوانی بێدرێغی حکومەتەکانی رۆژئاوا، گۆشەیەکن لەو دونیایەی کە سەرانی "جیهانی ئازاد" بۆ ملیارەها کەس لە سەرانسەری ئەم هەسارەیەدا دروستیان کردووە. جیهانێک کە میلیتاریزم و تیرۆری دەوڵەتی و چەتەگەری و پووچبونی یاسا و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، بوونەتە بەشێک لە ناسنامەکەی. جیهانێک بە بێ هیچ پێوەرێکی مرۆیی، جیهانێک کە بەهای گیانی مرۆڤەکان، جیهانگیر نیە.

دەسەڵاتێک کە بۆمبی ئەتۆمی بەکارهێناوە، دەسەڵاتێک کە لەژێر بیانوی لەناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژ، عێراقی کردە وێرانە، دەسەڵاتێک کە بەبیانوی جەنگ دژ بە تیرۆریزم، ئەفغانستانی ڕادەستی باندێکی کۆنەپەرست و دژە مرۆیی کرد، ئەمرۆ بەناوی "جەنگ بەرامبەر ئێرانێکی ئەتۆمی" و "بەرگریکردن لە ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەراست" خەڵکی بێگوناهی ئێران دەکاتە قوربانی ئامانجە کۆنەپەرستەکانی خۆی. دەسەڵاتێک کە لەژێر ئاڵای درۆینەی بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆر و مەلاکان و ئازادکردنی خەڵکی ئێران و بە زەمینەخۆشکردن بۆ مەترسیدارترین باندە کۆنەپەرستەکان، لە فاشیستە ئارییەکانەوە تا باندەکانی موجاهیدینی خەڵق و باندە فاشیەکانی ناسیونالیزمی کورد، مەترسی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەڵگە، لەپێش چاوی حەپەساوی خەڵکی دنیادا داناوە.

حزبی حیکمەتیست (خەتی رەسمی) هێرشەکانی ئەمریکا، وەک کردەوەیەکی مەترسیدار و سەرەڕۆیانە، بەتوندی سەرکۆنە دەکات و دەستەی فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە بە بەرپرسیاری راستەوخۆ دەزانێت بەرامبەر ئاکامەکان و مەترسیە هەمەلایەنەکانی بۆ سەر خەڵکی ئێران و خەڵکی ناوچەکە و جیهان.

هاوکات حزبی حیکمەتیست (خەتی رەسمی)، هاوکاری و بەرگری دەوڵەتانی رۆژئاوایی، لەم سەرکێشیە سەربازیە و ئەم جەنگە مەترسیدارە، کە دامێن و مەودا و ئاکامە گشتیەکانی، بۆ کەس رۆشن نیە، بە بەشداری راستەوخۆ لە جەنگ و بۆمبارانکردن دەزانێت.

ئێمە بانگەوازی کرێکارانی جیهان، رێکخراو و ناوەندەکانی دژ بە جەنگ و ئاشتیخواز و بەشەریەتی شارستانی و مرۆڤدۆست، دەکەین، کە نارەزایەتی بەرفراوان و گشتگیر و چالاکی دەستبەجێ و کرداری ئەنجامبدەن، لە پێناو بەرگرتن بە ماشینی جەنگی ئەمریکا – ئیسرائیل و هاوبەشەکانیان. خەڵکی ئێران زیاتر لە چوار دەیەیە، رۆژانە و لە هەموو لایەکەوە، لە پێناو ئازادی ، خۆشگوزەرانی، ئاسایش و یەکسانی دژ بە جمهوری ئیسلامی، لە تێکۆشاندان. خەڵکی ئێران نە خوازیاری جەنگ و بۆمبارانکردنن لە هەر لایەکەوە بێت، وە نە لە خەباتیاندا لەپێناو جیهانێکی بێ جەنگ وهەژاری و بێبەشی، پێویستیان بە رزگارکەرانی تاوانکار، بە قەسابەکانی خەڵکی غەزە و خولقێنەرانی جەنگ و نائەمنی و وێرانکاری وکوشتاری خەڵکی بێگوناه لە ناوچەکە، هەیە.

حزبی حیکمەتیست( خەتی رەسمی)
١ی تیری ١٤٠٤/ ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٥

**ئەم جەنگە سەربەخۆ لەمەودای قوربانیەکانی و ئەو ماڵوێرانیەی کە لە ئێران و ئیسرائیلدا دەیهێنێتەکایەوە، هاوکات پێگەی چینی کرێکار و بزوتنەوە نارەزایەتی و ئازادیخوازەکانی خەڵکی ناوچە، کە بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئەمنیەت لەمەیداندایە، لاوازدەکات و دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەپاندنی هەژاری و گرانی و پەلاماردانی خەڵک زیاتر ئاوەڵادەکا و کاریگەری وێرانکاری لەسەر خەباتی هەقخوازانە و ئینسانی لەتەواوی ناوچەکەدا بەجێدێڵێت.**

# پێشوازی لە جەنگ مانای چییە؟

## بنار مستەفا

ترامپ داوا لە دانیشتوانانی تاران دەکات شارەکە چۆڵ بکەن، تا بێخەم بۆمبارانی خۆیان بکەن و ئامانجەکانیان بپێکن، بێئەوەی "زیان بە خەڵکی بگات". پایتەختی ئێران، دە ملیۆن دانیشتوانی هەیە و بە چواردەوروەکەیەوە دەگاتە نزیکی ١٧ ملیۆن کەس! ملیۆنان مرۆڤ روو بکەنە کوێ، تا ترامپ و سەرانی ئیسرائیل لەبەرچاوی رای گشتی جیهاندا وەک بکوژانی خەڵکی مەدەنی دەرنەکەون؟

هەرچەندە پاش کارەساتی غەززە تازە زۆر درەنگە و ئەستەمە هیچ لێدوان و کردارێک ماهیەتی راستەقینەی ئەوپەڕی دژەمرۆیی سەرانی ئەمریکا و ئیسرائیل داپۆشێت، بەڵام ئەم داواکارییە خۆی لەخۆیدا ئاماژەی بەرجەستەیە بە بێباکی ئەم داورودەستەیە بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی. نە پێشتر چارەنووسی ملیۆنان مرۆڤ بۆیان جێگەی بایەخ بووە، نە ئێستاش نیازیانە شتێکی تر نیشان بدەن.

لەم ساتەدایە لەلایەن هەندێک لایەنی سیاسییەوە بەئاشکرا پێشوازی لە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆسەر ئێران دەکرێت. دڵخۆشی بەرانبەر ئەم جەنگە دەردەبڕن و لێکەوتە و سیناریۆی داهاتووی پاش جەنگیان بەڕوونی لای خۆیان داتاشیوە، گوایە "کۆماری ئیسلامی دەروخێت" یان"کورد رزگاری دەبێت" و هتد. بێشەرمانە و بێ پێچوپەنا دەستخۆشی لە سەرانی ئیسرائیل و ئەمریکا دەکەن و ئایندەی کۆمەڵگای ئێرانیان بە سیاسەتی ئەم تاوانبارانەی مێژووەوە گرێداوە.

سەربەخۆ لەوەی کۆماری ئیسلامی دەروخێت یان نا، پێشوازی لە موشەک و جەنگ چی دەگەیەنێت؟ کاتێک لە بیست مانگی رابردوودا ئیسرائیل لەبەردەم تەواوی ئازادیخوازانی جیهاندا بۆتە مایەی نەفرەت بەهۆی ستەم لە خەڵکی فەلەستین و بەتایبەتی ئەنجامدانی جینۆساید لە غەززە، دڵخۆشی و چاوەڕوانی لە دەسەڵاتی وەها فاشستی چ دەگەیەنێت؟ ئەمریکایەک کەهێرشی بۆسەر هەر وڵاتێک کردبێت، کۆمەڵگای وێران کردووە و ئایندەی خەڵکی ئەو وڵاتەی تاریک کردووە، ئایا شایستەی پێشوازی لێکردنە؟ ئایا دەرفەتی لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەم سیاسەت و چاوەڕوانییە لە ترامپ و سەرانی ئیسرائیل هەیە؟

ئاکامی جەنگ و ماڵوێرانی، کە ملیۆنان مرۆڤ بەشێوەی جیاواز دەبنە قوربانی، بۆ ئەم ئاراستە سیاسییە جێگەی سەرنج نییە. کارەسات و کاولکاری، کە دەرئەنجامی چاوەڕوانکراو و دەستپێکراوی ئەم جەنگەیە، خەڵکی ئاسایی بە دڵتەزێنترین شێوە باجەکەی دەدەن، بۆ بەشێک لە حزب و لایەنی سیاسی، ئەم کارەساتانە جێگەی بایەخ نییە، بەڵکو گەشتن بە دەسەڵات بە هەر بەهایەک بێت بۆ ئەوان مەسەلەی سەرەکی و ئەسڵیە! قوربانی بەلێشاوی خەڵکی نەک نابێتە رێگری بەردەم سیاسەتی هەڵبژێردراویان، تەنانەت ئامادەن پاساویشی بۆ بهێننەوە، بە رزگاربوون لە درندەیی کۆماری ئیسلامی پاکانەی بکەن. تەنانەت بێشەرمانە، وەستانەوە بەرانبەر بە جەنگیش، بە پاڵپشتی لە کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دەدەن.

ئەمریکا لە هەر شوێنێک دەخالەتی سەربازی کردبێت، وێرانکارییەکی کەموێنەی پاش خۆی جێهێشتووە. پێویست ناکات بۆ ناکازاکی و هیرۆشیما بگەڕێینەوە، هەر لەماوەی رابردوو و لە ناوچەکە، عێراق، ئەفغانستان، سووریا و لیبیا نموونەی بەرجەستەن، کە چۆن لەسایەی سیاسەت و دەخالەتی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەورووپییەوە، ئەو کۆمەڵگایانە خاپوورکران و بەسەریەکدا دارمان. لە هەر یەکێک لەو وولاتانەدا گوایە کۆتایی بە "دیکتاتۆر" هێنرا، بەڵام لەجێگەی دیکاتۆرێک چەندان سەرکردەی مافیاو کوڵە دیکتاتۆری دیکەیان خستە سەر کورسی دەسەڵات و کۆمەڵگایەکی تەواو شێواو و لەبەریەک هەڵوەشاوەو جێگای گرتنەوە. لەو کۆمەڵگایانەدا نە ئارامییەک و ئەمنەیتێک بۆ دانیشتوانانی مایەوە و نە لە خزمەتگوزارییە هەرە سەرەتاییەکان بەهرەمەندن. بەداوای چۆڵکردنی تاران، هەر لە سەرەتاوە لە زاری خۆیانەوە دەڵێن، کە سیناریۆی باشتر لە ئەزموونەکانی رابردوو مایەی چاوەڕوانی نییە.

لە نیوسەدەی رابردوودا لە ئێران بزووتنەوەی یەکجار فراوانی جەماوەری بەدیکراوە، کە لە کات و ساتی جیاوازدا هاتوتە مەیدان. سێ ساڵ بەر لە ئێستا و لە شۆڕشی ژینا جارێکی تر بە فراوانی لە سەرتاسەری ئێراندا هاتەوە مەیدان و تواناکانی خۆی نمایش کردەوە. جەنگ گورزی گەورە دەدات لەم بزووتنەوە جەماوەرییە فراوانە. تەنانەت گورزێکی زۆر بەهێزتر لەوەی بەر کۆماری ئیسلامی دەکەوێ. لە سایەی جەنگدا، لە باشترین حاڵەتدا، وەک عێراق کۆمەڵێک داورودەستەی جیاواز بە ناوی نوێنەرایەتی کۆمەڵە گروپی جیاوازی دانیشتوان بەسەر سەری خەڵکەوە دەسەپێنن و ژیانێکی باشتریش بۆ دانیشتوان دەبێتە ئاواتێکی دوورەدەستتر.

بۆیە لەروانگەی جەماوەری خەڵکییەوە جەنگ نەک هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە، بەڵکو کارەساتی گەورە و فراوانی لەگەڵدایە، کە هەر لە ئێستاوە ئەزموون کراوە. پێشوازی و دڵخۆشی بە جەنگ، مانای گوێنەدان و بێباکییە بەرانبەر بەو کارەساتەی رووبەرووی خەڵکی دەبێتەوە و ئەو پاشەکشە فراوانەی بەسەریدا دەسەپێت! لە یەک رستەدا، پێشوازی لە جەنگ، بە مانای بە قوربانیکردنی خەڵکی دێت بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خۆ.

★

# جەنگی ئیسرائیل و ئەمریکا دژ بەئێران و ئاکامە زیانبارەکانی!

نوری بەشیر



بەدوای توندبوونەوەی کێشەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل لەگەڵ ئێران کە پێی نایە قۆناغێکی توندی پروپاگەندەی شەڕو هێرش و بۆمبارانی بنکە سەربازی و ئابوریەکانی یەکتر و هەروەها پێشبڕکێ لە کوشتاری خەڵکی مەدەنی لە ئێران و ئیسرائیل، کە وایکرد مەسەلەی بەردەوامی کوشتاری خەڵکی فەلەستین و بەتایبەت غەززە لەگەڵ بەردەوامیدا بشارێتەوە، وە نارەزایەتەکان بەرێتە دواوە، بەڵام بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی جیهانی بەدژی جەنگ و کوشتارو ملهوری ئیسرائیل کە بە پشتیوانی ئەمریکا و ولاتانێکی ئەوروپا، مەترسی رۆژهەڵاتی ناوەراستیکی لەخوێنهەڵکێشراو وێنەیەکی ئینسانکوژیی فراوان دەخاتە بەردەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە، نەک تەنها بەدژی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ، بەڵکو بەدژی خودی ئەمریکاو ولاتانی ئەوروپا سەری بەرزکردەوە.

ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپی بەبیانوی ئەوەی کە گوایە هاوکاریکردنی ئیسرائیل بە چەک و پشتیوانی سەربازی بۆ "بەرگریکردنە لە ئەمنیەتی ئیسرائیل" و پێشگرتنە لە دەستراگەیشتی ئێران بە چەکی ئەتومی"، بیانویەکی پووچە، چونکە ئەوەی ئەمنیەتی ناوچەکەو خەڵکی ناوچەکەی رووبەرووی مەترسی کردۆتەوە، هاولاتی مەدەنی کۆمەڵکوژ دەکات، شارەکان وێران دەکات، کۆمەڵگاکان لەبەر یەک هەڵدەوەشێننەوە، ئەوە خودی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپی و ئیسرائیلە کە سڵ ناکەنەوە لەهیچ تاوانێک. لەکاتێکدا ئیسرائیل بەبەرچاوی جیهانەوە منالی برسی فەلەستینی لەسەرەی خواردن وەرگرتندا دەکوژێت، ئەوان بە مافی ئیسرائیل بۆ پارێزگاریکردن لەخۆی ناوزەدی دەکەن، ئیسرائیل هێرشە دەکات سەر ئێران و ناویان لێناوە مافی ئیسرائیل بۆ پاراستن لەخۆی، هەر بزوتنەوە و نارەزایەتیەک دژی دەوکەتی فاشیستی ئیسرائیل و تاوانەکانی لە غەزە بە دژایەتی جولەکە تاوانبار دەکەن و هەڵسوراوانی خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی لە غەززە دەستگیر دەکەن!

بەڵام سەرەنجام هێزی نارەزایەتی مرۆڤایەتی ئاشتیخواز و ئازادیخواز و مرۆڤدۆست لە دەنگی دەنگی فرۆکەو بۆمبەکانی ئەوان بەهێزترە. سەرەنجام ئەو هێزە جیهانیە ئینسانیەیە کە توانی سنورێک بۆ ملهوری ئەمریکاو ئیسرائیل دابنێ، تا دەستیان بلەرزێ لەوەی ناوچەکەو جیهان بەرەو وێرانکاری رابکێشن. ئەو دەنگەی نارەزایەتیە بوو کە دەوڵەتانی ئەوروپای پشتیوانی ئەمریکاو ئیسرائیلی ناچارکرد بکەونە بۆڵەبۆڵ بەرامبەر بە تاوانەکانی ئیسرائیل و هێرشەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل و بە هۆکاری تێکدانی دۆخی سیاسی و ئەمنی ناوچەکەو جیهانی بزانن. باسی مەترسی تەنینەوەی نائارامی و ئاژاوە بکەن بەهۆی درێژەکێشانی جەنگەکەو هێرشەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە بۆسەر ئێران و وێرانکاری لە غەززە. سەرەنجام ترامپ، دوای نیشاندانی هێزی بازووی شەقاوەچیتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی، بانگەشەی راگرتنی جەنگ و بۆمبارانەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل دەکات!

هەڵبەتە، لەنێوان جەنگ و وەستانی شەڕدا، بە هەموو پێوانەیەکی مرۆڤایەتی وەستانی شەڕ مایەی خۆشحاڵیە، ئەگەرچی ئەم هەنگاوەی ترەمپ و ئەمریکا لەلایەک جێگای گومانە، لەلایەکی ترەوە لەبەرژەوەندی ئەمریکاو ئیسرائیل و بۆ مانەوەی رژێمی ئێرانە، بەڵام بەرژەوەندی خەڵک لەوەدایە کەبەڵای کوشتار بەسەر خەڵکی ئەم دوو ولاتەو بەڵای جەنگ بەسەر سەری خەڵکی ناوچەکەوە بڕواتە دواوە. خەڵکی ئێران و ئیسرائیل و ناوچەکەش بەرژەوەندیان لە جەنگی ئەم دوو حکومەتە کۆنەپەرستە سەرمایەداریەدا نیە، ئەگەرچی ئاشتیشیان لەوەوە نیە کە لەبەرژەوەندی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو لەبەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەیە. کۆمەڵگای جیهانی و ریزی خەڵکی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز و یەکێتیە کرێکاری و لایەنە چەپ و سۆشیالیستەکان ئەمە باش دەزانن، هەربۆیە نارەزایەتی جیهانی نزیک بەدوو ساڵ بەدژی کۆمەڵکوژی ئیسرائیل لە غەززە و هاوپەیمانە ئەمریکی و ئەوروپاییەکانی بەردەوامبوو لەشێوەیەکی تردا، ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاتی فەزای جەنگ چ لە ئیسرائیل و چ لە ئێران نارەزایەتی خەڵکی لەو دوو رژێمە بردە داوە، خەڵکی هەردوو ولات بەهۆی ترسی بۆمباران و

مووشەکەکانی ئێران و ئیسرائیل ناچاربوون ماڵو حاڵی خۆیان چۆڵ بکەن یاخود ژیان لەژێر زەمینەکاندا بەسەر بەرن، بەڵام سەرەنجام دوورکەوتنەوەی بەڵای شەڕ دەتوانێ ئومێدیک لای خەڵکی ئەو دوو وڵاتە و ناوچەکەش دروست بکاتەوە بۆئەوەی بتوانن نارەزایەتیەکانی خۆیان، رەنگە لە هەلومەرجێکی سەخت تردا دوبارە دەست پێبکەنەوەو فراوانی بکەنەوە.

ئێمە کۆمۆنیستەکان دەزانیین، خەڵکی هەروەک چۆن بەرژەوەندی لە جەنگی ئەو وڵاتە سەرمایەداری و کۆنەپەرستانەدا نیە بێجگە لە کوشتارو ئاوارەیی و کاولکاری، بەهەمانشێوە ئاشتی نێوانیشیان لەبەرخاتری خەڵک نیە بەڵکو رێکەوتنیانە لەسەر دابەشکردنی ئەو تالانی و دزیەی کە لە رەنجی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا دەستی بەسەردا دەگرن!، بەڵام نەبوونی فەزای جەنگ بۆ خەڵک لەبارترە بۆ رێکخراوبوون و نارەزایەتی، وە خەڵکی مرۆڤدۆستیش ئەمە دەزانن، هەربۆیە فەزای وەستانی جەنگەکە دەتوانێت ریزی نارەزایەتیەکان گەورەتر بکات، خەڵک لە جێگاو رێگاو شوێنی کاری خۆیدا بێت.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی رێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashty jamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

# بارودۆخ بۆ نەدانی مووچە سەقامگیرە، بەڵام بۆ نارەزایەتی نالەبارە!

بە دوای ئەوەدا کە مامۆستایان و موچەخۆرانی شاری سلێمانی بڕیار و هەوڵیان دا بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦/٦ دا، بەرامبەر بە نەدانی مووچەی مانگی ٥ و ٦، لیژنەی ئەمنی پارێزگاری سلێمانی ئەمڕۆ لەبەیانێکدا داوا لە نارازیان ئەکات کە خۆپیشاندان نەکەن و "هەڵیبگرن بۆ کاتێکی سەقامگیرتر"! ئامانجی سەرەکی ئەم ڕاگەیاندنەی لیژنەی ئەمنی کە بە ناوی هەستیاری دۆخەکەوە ئەیانەوێ خەڵک بترسێنن، ئەوەیە پێش بە نارەزایەتی دەربرین و خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران بگرن. ساڵەهای ساڵە ئەم دەسەڵاتە لەژێر ناوی قەیرانی ئابوری و هەبوونی بیانوی شەڕ لەگەڵ داعش و ململانێی سیاسی خۆیاندا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەندا، موچە و قوتی خەڵک ئەبڕن و باکیان بە برسێتی و گرانی و نەبوونیەک نەبووە کە بەسەر شانی مامۆستایان و فەرمانبەران و موچەخۆرانەوە بووە. هەرچی هەم و غەمی ئەم دەسەڵاتەیە ئەوە بووە کە چۆن پارەوپولی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ خۆیان هەڵلوشن و کۆشک و تەلارەکانی خۆیانی پێبڕازێننەوە و کۆمپانیاکانیانی پێ گەورەتر بکەن. نەدانی مووچە و یاخود لێبڕین و نیوەمووچە و چارەکە مووچەشیان کردووە بە نسیبی موچەخۆران. ئێستاش کە بیانوی هەبوونی جەنگ و فەزای جەنگی هەیە، باشترین پاساوێکە کە کەوتۆتە دەستیان تاکو بەمجۆرە خەڵکی تورە دابمرکێننەوە و ڕێ لە نارەزایەتیەکانیان بگرن.

ئەم ڕاگەیاندنەی لیژنەی ئەمنی سلێمانی تەواوکەری کار و بەرنامەی دەسەڵاتە کە ناهێڵێ خەڵک بە گشتی و مامۆستا و فەرمانبەران دەنگ بەرامبەر بە بێمووچەیی و بێمافیەکان هەڵببڕن. جەنگ و میلیتاریزم نە بڕیاری خەڵکی کوردستانی لەسەرە و نە هەڵبژاردەی ئەوانە ئیتر بۆچی بەو بیانوە دەست لە هەڵبڕینی دەنگی نارازایەتییان هەڵبگرن؟! بەتایبەتی کە لە ئێستادا ئاگربەست لەنێوان لایەنەکانی جەنگدا ڕاگەیەندراوە. ئەگەر لیژنەی ئەمنی وەک خۆی دیعایە ئەکات کە دەنگی نارازی ئەگەیەنن بە دەسەڵاتداران لە کوردستان و ناوەند و ئەگەر ڕاست ئەکەن کە بە شوێن سەقامگیری ناوشار و خۆپیشاندەرانەوەن، با بفەرمون ڕێ لە هەر شێواندن و ناسەقامگیریەک بگرن کە بیانەوێ ئامانجی نارازییان و خۆپیشاندەران بشێوێنن.

ئێمە لە کۆمیتەی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە ئەم هەڵوێست و ڕاگەیاندنەی لیژنەی ئەمنی ڕەت ئەکەینەوە و لەپاڵ مامۆستایان و موچەخۆرانی نارازیدا ڕائەوەستین و پشتیوانی بێدریغ لە داواکانیان بۆ بەدیهاتنی مووچە لە کاتی خۆیدا و باشبژێوییان ئەکەین. مامۆستایانی نارازی مافی بێمەلاولای خۆیانە هەرجۆرە نارەزایەتیەکی گونجاوی خۆیان ئەنجام بدەن بە خۆپیشاندانیشەوە و لیژنەی ئەمنی و دەسەڵاتدارانی شاریش نەک نابێ ڕێگەبگرن لێیان، بگرە پێویستی ئەمنیەت و ئاسایشی خۆپیشاندەران و شار لە ئەستۆ بگرن. ئەگەر نا، ئەم هەڵوێستەیان لە خانەی سەرکوتکردنی دەنگی نارازیاندا ئەنووسرێ.

**کۆمیتەی سلێمانی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٤ ی حوزەیرانی ٢٠٢٥**

# سەرکوت وەک وەڵامێکی حازر بە دەست بە داخوازی موچەخۆران!

جەمال موحسین

ئەوە بوو بە دوو مانگ و موچەی مامۆستایان و فەرمانبەران نەدراوە. لە قەیران و ململانێی نێوان دەسەڵاتی کوردایەتی و ناوەندا, بەکارهێنانی کارتی قێزەونی برینی موچە و قوتی خەڵک یەکێکە لە پیسترین سیاسەت کە بەدەستیانەوە گرتووە. ئەگەرچی برینی مووچە لە چەند ساڵی پێشوودا هەر جارە و بیانو و پاساوێکیان بۆ داتاشیوە، بەڵام ئەم ململانێیە بووە بە "هەدیەی ئیلاهی" و "خوای بۆی داون"، چونکە باشترین پاساوێکە تا بتوانن درێژە بە سیاسەتی برسیکردن و برینی مووچە بدەن.

دوای ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوودا مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازی دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە و خۆیان بۆ ئەوە ئامادە کرد کە سبەینێ ٢٦/٦ خۆپیشاندان بکەن بۆ داواکردنی پێدانی مووچە دوا کەوتووەکانیان، هەر زوو پارێزگاری سلێمانی کەوتە خۆی و بە ناوی "ناسکی دۆخەکەوە" بەگونجاوی نازانێ خۆپیشاندان بکرێ! لەوەش زیاتر لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی لە بەیانێکدا بەناوی نەبوونی سەقامگیری و ناڵەباری دۆخەکەوە داوا لە مامۆستایان و مووچەخۆران ئەکات کە خۆپیشاندان نەکەن!

ئەم دوو پەیامە خۆیلەخۆیدا تەنها کاردانەوەیەکی دەسەڵات دەرئەخات تا لەژێر ناوی ناڵەباری و ناسەقامگیریدا دەست بۆ سەرکوتی هەر دەنگ و ناڕەزایەتیەک ببەن کە لەبەرامبەر ئەم بێمافیەدا بەرز ئەبێتەوە. هەروەک بینیمان کە شەوی رابردوو دوو هەڵسوڕاوی مامۆستایان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکران. هاوکاتیش هەر ئەمڕۆ و



لەکاتی نووسینی ئەم وتارەدا، دوای کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری کە سەبارەت بەم مەسەلەیە بەڕێوەبرا، چەندین کەسی تریشیان دەستگیرکردووە.

لای هەر کەسێکی ناڕازی، لای هەر کەسێکی هوشیار و چاوکراوە ئەوە رۆشن بوو کە دەرکردنی ئەو بەیانەی لیژنەی ئەمنی پەیامێک بوو بۆ بۆ دەستکردن بە سەرکوتی ناڕەزایەتیەکان. دەسەڵات و ئیدارەی سلێمانی وەک بەشێک لە دەسەڵاتدارانی هەرێم هۆکارێکی نانبڕین و مووچەخواردن و برسیکردنی جەماوەری بێبەشی کوردستان بووە. لەهەمان کاتیشدا وەک بەشێکی تەواوکار بووە بۆ سەرکوتگەریی لە دژی هەر دەنگێکی ناڕازی کە لە کوردستاندا بەرزبۆتەوە. ئەم دەسەڵاتە خەڵک برسی ئەکات، بەبەرچاوی خەڵکەوە داهات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە ئەدزێ و لای خۆی کەڵەکەی ئەکات. لەلایەکیشەوە بەشێک لەو پارە و سەروەتە بۆ دابەستەکردنی میلیشیاکانی و هێزە سەرکوتگەرەکانی بەکارهێناوە و دیێنێ.

سەیر نییە هێزێک کە بەتەواوی تواناییەوە و بەهاوکاری پارتی ناڕەزایەتی و هەستانی جەماوەریی لە ١٧ ی شوباتدا سەرکوت کرد و خوێنی خەڵکی ڕشت، چەندین هەڵسوڕاوی دەستگیر و زیندانی کرد، ئێستاش پێش هەر جموجۆڵێکی ناڕازیانەی خەڵک دەست بۆ رفاندن و دەستگیرکردن و سەرکوت ببات. ئەوانە مامۆستایانیان دایە بەر شەق، سوکایەتییان بە خانەنشینان کرد، لەسەر شەقامەکان میلیشیاکانیان بەردایە گیانی گەنجان و مامۆستایان و خەڵکی ناڕازی. ئەم دەسەڵاتە ئەگەر قاچێکی لەسەر دزی و تاڵانی و برسیکردن و گرتنەبەری سیاسەتی سکهەڵگوشین و تەواوی بێمافیەکانی خەڵک وەستابێ، قاچەکەی تری لەسەر هێزنواندن و چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە و سەرکوت و زیندانیکردن و تا ئاستی تیرۆرکردن ڕاوەستاوە. سەرکوت پایەیەکی سەرەکی نەک هەر دەسەڵاتی پارتی بووە، بگرە هی یەکێتیش بووە. یەکێتی چاوی لەوە بڕیوە زۆنی ژێردەسەڵاتی خۆی وەک زۆنی پارتی لێبکات کە داروودیوار بکات بە سیخوڕ بەسەر خەڵکی ناڕازیەوە و نەهێڵێ دەنگێکی ناڕازی لە دیواری ماڵەکەی خۆی بێتەدەرەوە، تەنانەت ئەگەر پێیان بکرێت لەناو ماڵەکانیشدا خەفەی دەکەن!

بەڵام باشتر وایە دەسەڵاتی سەرکوتگەر ئەو ڕاستیە باش بزانێ کە جەماوەری ناڕازی، مامۆستایان و موچەخۆران لەوە زیاتر ئەم سەرکوتگەرییە قبوڵ ناکەن و بەهێزی ڕێکخراوبوون و یەکگرتوویی خۆیان ڕووبەڕووی ئەبنەوە. پێویستە دەست لە سەرکوت هەڵبگرن و دەستبەجێ هەڵسوڕاوان و مامۆستایانی ناڕازی و هەر کەسێک کە لەدژی ستەمی ئەمانە دەنگ هەڵئەبڕێ، ئازاد بکەن. دەستبەجێ وەڵامی خواستی مامۆستایان و مووچەخۆرانی کوردستان بدەنەوە و بەبێ دواکەوتن مووچەکانیان پێبدەن. هەرجۆرە سەربادانێک لەم خواستە ڕەوایەی مووچەخۆران، ئەوەندەی دیکە لای خەڵک بێزراو دەبن و تەمەنی خۆیان کورت تر دەکەنەوە!

٢٥ ی جونی ٢٠٢٥

# پەیام بە چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان:

# هاوکاری هاوچارەنووسەکانتان بکەن!

ماوەی هەفتەیەکە ڕژێمی فاشیستی ئیسرائیل هێرشێکی سەربازی گەورەی بە پشتیوانی ڕاشکاوانەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، بە پاساوی لەبەین بردنی توانایی ئێران لە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی دەستپێکردووە. لە ئاکامی ئەم هێرشانەدا، بەجیا لەو زیانانەی کە لە دامەزراوە سەربازیەکان کەوتووە، بە سەدان کەس لە هاوڵاتیانی سڤیل و بێتاوان بوونەتە قوربانی و بەهەزارانیش بریندار بوون. هاوکات چەندین تەلار و شوێنی گشتی و نیشتەجێبونی هاوڵاتیان چ لە ئیسرائیل و چ لە ئێران دارماوە و بەشی زۆربەی هاوڵاتیانی شارەکانی هەردوولا کەوتوونەتە بەر مەترسییەوە و ناچار بە خۆحاشاردان و ئاوارەیی و جێهێشتنی شوێنی ژیان و کاریان کراون. ئەمە لە کاتێکدایە کە لەگەڵ درێژەکێشان و بەردەوامی ئەم هێرشانەدا ئەگەری زۆربوونی ئاوارەیی ملیۆنی نەک لەناوخۆی ئێراندا، بەڵکو بۆ دەرەوەی ئێران زیاتر و زیاتر دەکات. بەدڵنیاییەوە ئاکامەکانی ئەم جەنگە کە دەستەی فەرمانڕەوای فاشیستی ئیسرائیل دەستی داوەتێ، مەترسیەکی گەورە و فراوانی کردۆتە پەڵەیەکی ڕەش بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە قوربانیەکانی جگە لە خەڵکی مەدەنی و زەحمەتکێشی ناوچەکە و سەپاندنی کاولکاری و کوشتاری بەکۆمەڵ شتێکی تر نابێت.

چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی ئێران، کە زیاتر لە چوار دەیەیە لە خەباتی بەردەوامدان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی هاری سەرمایەی ئیسلامی لە ئێران، کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" ئاکامی پێشڕەوی ئەم بزووتنەوەیە بووە، ئێستا کەوتوتە ناو بەرداشی هێرشی سەبازی و بۆردومانی دەوڵەتی ئیسرائیل، لەلایەک و سەرکوتگەری ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران لەلایەکی ترەوە.

**کرییاران و جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!**

ئەم جەنگ و کاولکاریە جەنگێکی کۆنەپەرستانە و ئینسانکوژیە و نەک هەر جەنگی ئێمە نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەدژی خەبات و بزووتنەوەی نارەزایەتی ئێمەی خەڵکی کرێکار و ژنان و لاوان و هەموو ئەو ئینسانەیە کە ساڵانێکە بۆ خواستی ئازادی و خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسودە و بەدەر لە کوشتار و کاولکاری، یەخەی دەسەڵاتدارانمان لە ناوچەکەدا گرتووە. ئێمە خەڵکی کوردستان بەپێچەوانەی ئەحزابی دەسەڵاتدارای کوردستان و ڕەوتەکانی ناسیونالیزمی کوردەوە کە چاویان لەم جەنگە بڕیوە و گوایە"بەرژەوەندیەکانی کورد" لە کاولکاری و قەسابی کردنی خەڵکی ئێران و دارمانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێراندایە، ئێمە هیچ بەرژەوەندیەکمان لەم جەنگەدا نییە. بگرە دوکەڵ و ئاکامە زیانبارەکانی ڕاستەوخۆ ڕووی لە ژیان و ئەمنیەت و خەباتێکە کە ڕۆژانە بۆ ئازادی و موچە و خزمەتگوزاریەکان یەخەی دەسەڵاتدارانمان بۆ گرتووە. سیناریۆیەکە کە ڕەوتە ناسیونالیستەکان لەسەرو هەر پرەنسیپێکی ئینسانیەوە بە ڕاوەستانیان چ بە ئاشکرا و چ بەنهێنی لەپاڵ ئەمریکاو ئیسرائیلدا، شتێکی تر نییە جگ لە دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆیەکی ڕەش کە ئەمریکا و ئیسرائیل بەرامبەر بە خەڵکی فەلەستین و عێراق و لیبیا و سوریا و لوبناندا بەسەر خەڵکی ئەم کۆمەڵگایانەدا سەپاندوویانە. لەیەک وتەدا ئەوان دەیانەوێت بە خۆگرێدانەوە بە بوردومان و ڕۆکێتە سوتێنەرەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە، ڕژێمی ئێران بڕوخێ و خۆیان بە هەمان ئەو دەسەڵات و سیستەمە گەندەڵ و تالانچیە بگەن کە زیاتر لە سی ساڵە ژیانی خەڵکی کوردستان دەهاڕێ. بۆیە دەبێ ڕیزی خۆمان لە سیاسەت و کارکردەکانی ناسیونالیستی کورد و حیزبەکانی جیا بکەینەوە و بەتەواوی هێز و توانامانەوە لەدژی ئەم جەنگە ڕابوەستین و لەپاڵ بزووتنەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێراندا ڕاوەستین و لەم میحنەتەدا بەتەنها جێیان نەهێلین. خەڵکی ئێران جگە لە لایەنە ئۆپۆزسیۆنە بۆرژوازیەکان، لەوانە شاپەرستان و ڕەوتەکانی ناسیونالیزمی کورد، ئەوان ئەم جەنگەی ئیسرائیل بۆ سەر ژیان و ئەمنیەت و خەباتێک دەزانن کە چەندین ساڵە لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران مەیدانی شارەکانیان بۆ گرتووە.

جەماوەری زەحمەتکێسئی کوردستان، ئازادیخوازان، ئینسان دۆستان!

لە هەلومەرجێکدا کە ئێران و ناوچەکە بەهۆی ئەم جەنگە داسەپاوەی ئیسرائیل و هاوپایمانانیەوە ڕووبەڕووی وێرانکاری بۆتەوە، ئەوە چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی ئێرانە بە جیا لە گرانی و سەرکوتگەری ڕژێمی هاری سەرمایە لە ئێران، ڕووبەڕووی هێرشی

⇦

درندانەی ئیسرائیل و بە غەززەکردندایە. دانیشتوانی ئێران بۆ بەرگری لە ژیانی خۆیان و خێزان و پارێزاوبوونیان ناچارن شوینی کار و ژیانیان جێ بهێڵن و ئاوارە ببن، بەشێک لەم خەڵکە بەهۆی هاوسنوری و نزیکییان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن. هاوڵاتیانی ئاوارەی ئێرانی پێویستە لە پێشوازی و ئامێزی ئاوەڵای ئێوە بەهرەمەند ببن. پێویستە هەموو هاوکاری و ڕێ و شوێنێکی پێویست و جێگای حەوانەوە و ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت ئەگەر دوو ژوورتان هەیە لەگەڵیان دابەشی بکەن، ئەگەر دوو نانتان هەیە یەکێکی ببەخشن بە ئەوان.

ئێوە لە بیرتانە لە ڕۆژانی سەخت و ئاوارەییدا، چۆن جەماوەری چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران پێشوازییان لە ئێمە بێبەشانی عێراق و کوردستان کرد و ئامێزی میهرەبانی و ئارامییان بۆ کردینەوە و دەرگای پیشوازییان بۆ ئاوەڵا کردین! ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئێمە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ئەو هاوکارییەی نێوانمان، کە بەرهەم و ئاکامی هاوچارەنووسیمانە، بە پێشوازی لە خەڵکی ئاوارەی ئێران دریژە پێبدەین و لە ئامێزیان بگرین.

ئێمە وەکو حیزبی کۆمۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە کاتێکدا کە لەپاڵ خەڵلی موتەمەدینی جیهاندا بەتەواوی توانامانەوە لەدژی ئەم جەنگە ڕاوەستاوین و داوا دەکەین دەستبەجێ کۆتایی پێبێت، هاوکات بانگەوازی جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان دەکەین بۆ هاوکاری و پێشوازی بێدریغ لە خەڵکی ئاوارە و لێقەوماوی ئێران و بەشێوەی گونجاوی خۆتان لەپاڵیاندا ڕاوەستن.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٠٢٥ /٢١/٦**

# هاوڕایی لەگەڵ کامیان ؟ ئێران یا ئەمەریکا ؟

## مەنسور حیکمەت

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە : سەردار عەبدوڵا حەمە**

بەهۆی کردەوەکانی سەپاندنی گەمارۆی ئابوری و کردەوەی سەربازی لەدژی جمهوری ئیسلامی ئێران لە لایەن ئەمەریکاوە سەرقاڵی وپیشاندانی سۆز و ووتەکانی پێشوویان لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی دەستی پێ کردوەتەوە. بۆ هەندێکیان پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕژێم لە نزیکترین کاتدا .

پرسیارە کۆنەکە ( هاوڕای کام لایەن ) لەبەرپێی ڕێکخراوە چەپەکانی دوێنێ و دیموکراتخوازانی ئەمڕۆ دەدرەوشیتەوە. بەجیا لە جیاوازیەکانیان وبۆچوونیان بۆهەڵبژاردەی (هاوڕایی)، بەڵام هەموویان بیر و زهنیان سەرقاڵە بەگریمانەکانی خۆیان بۆ بەختی تازەیان. ئەگەر بڕیاڕوایە ڕاستیەکە دەرکەوێ، دەبێ هەموو گریمانەکانیان تێکبشکێت . بە پێچەوانەی هەموو بۆچوونەکانیان :-

– ئەمەریکا و ڕۆژئاوا نایەنەوێ جمهوری ئیسلامی بڕوخێنن. بێگومان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تاوانەکان لە ئێراندا گرفتی ئەمەریکا نیە، تەنانەت مەسەلەی تیرۆریسمی جمهوری ئیسلامی و دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمیش نیە . بەهۆی چەندین بەڵگەوە کە شایانی تێگەیشتنە ئەوەیە کە جمهوری ئیسلامی و "پانئیسلامی" ئەوە هەڵبژاردەی ئەمەریکایە وەک ئیمپراتۆری خراپ و دژی مەدەنیەت لەدوای ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات وسۆڤیەتەوە، بۆئەوەی جێگای بگرێتەوە. سەقامگیری سیاسی بەدوور لە بەرکەوتە سەربازیەکان لە ئەمەریکا و دونیای پیشەسازیدا و هەروەها بەجیا لەجەنگە بازرگانیەکان، دەرگایەکە پێویستە بکرێتەوە بۆ ئەمەریکا تا ببێتە گەورەترین هێزی جیهان. بۆ ئەمەش دوژمنێکی ستراتیژی پێویستە. ئەوەی ئێستا ناوی جمهوری ئیسلامی کەوتووەتە سەر زاری وولاتانی ڕۆژئاوا بۆ سازدانی ئەم دوژمنەیە لە هەلومەرجی ئێستادا. نەک بۆ ڕووخاندنی. هەمان ئەو دەستانەی کە دەیانەوێ لە جمهوری ئیسلامی بدەن، لەهەمان کاتدا ژێربالی دەگرن بۆئەوەی نەکەوێت .

– فشارەکانی ڕۆژئاوا ئەگەر بگاتە هێرشی سەربازی، ئەوا تەمەنی جمهوری ئیسلامی درێژترئەکەنەوە. لێدانێکی سەربازی لەمجۆرە لەهەنگاوی یەکەمدا دەستی ڕژێم درێژتردەکات بۆئەوەی سەرکوتی نارەزایەتیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بکات و لە مەیدانی خەباتی سیاسی دووریان دەخاتەوە. دەسەڵاتداران لەدەوری یەک پلاتفۆرمی ڕاسیستانە و لۆمپنانە و ڤالانژیستانە کۆدەکاتەوە و یەکیاندەخات .

– هەنگاوی سەربازی لەدژی جمهوری ئیسلامی لە بارودۆخێکدایە کە بنبەستی ئابوری و ئیفلیجی سیاسیی ڕژێم ئاسۆیەکی سوودبەخشی بۆ خەڵک کردوەتەوە بۆ ئیحتیمالەکانی خۆی، کەچی دەبێتە فریادڕەسێکی ئاسمانی بۆ لەناوبردنی ئەم ئاسۆیە.

– ئێمە بۆ ڕووخاندنی جمهوری ئیسلامی ئێران تێدەکۆشین و لەدژی هەژموونی نەزمی نوێ لەئاستی جیهاندا خەبات دەکەین. بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنها یەک هاوڕایی یا دۆستایەتی هەیە و ئیمکانی هەیە ئەویش لەگەڵ شۆڕشی کرێکاری و بەدیهێنانی ئازادیە .

تێبینی: ئەم وتارە یەکەمجار لە مانگی ئابی١٩٩٣دا بەزمانی فارسی لە ئەنتەرناسیۆناڵی ژمارە٧ دا بڵاو کراوەتەوە.